# زمان و پەروەردە، دەوڵەت–نەتەوە و نەتەوەی بێدەوڵەت

قادر وریا

”نەتەوە“ لەو چەمکانەیە کە کۆمەڵناسان و زانایانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەی جیاواز پێناسەیان کردوون. لەپشت ئەو پێناسانە، ئایدۆلۆژیا و ڕوانین و بەرژەوەندیی سیاسیی جۆراوجۆر هەن کە بەشێکیان لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەوانی دیکە دامەزراون. لە بەراییدا پێویستە بگوترێت کۆمەڵە خەڵکێک کە خۆیان بە نەتەوە دەزانن، بەڵام لە مافی هەبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ و دەوڵەتی نەتەوەیی بێبەش کراون، پێناسە و خوێندنەوەیان لە نەتەوە، جیاوازیی زۆری هەیە لەگەڵ پێناسەی وڵاتێک کە لە چەند نەتەوەی خاوەن زمانی جیاواز و سەرزەویی تایبەت بە خۆیان پێک هاتووە و هەمووانیان بەسەر یەکەوە بە یەک نەتەوە ناو دەبات.

**پوختە:**
یەکێک لەو کێشە گرنگانەی نەتەوە بێ‌دەوڵەتەکان هەیانە، بێبەشبوون لە مافی سەروەریی نەتەوەیی و نیشتمانی لەسەر خاکی خۆیانە. ئەم بێبەشییە سەرکوت و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەییی ئەوانیشی لێ کەوتووەتەوە، بەتایبەتی زمانەکانیان ڕووبەڕووی پەراوێزخران و تەنانەت حاشالێکردن بووەتەوە. دەوڵەت-نەتەوەکان بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەر خۆیاندا دابەش کردووە، دەوڵەتی نەتەوەی سەردەستن و سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی وڵاتیان خستووەتە خزمەت ئەم پەراوێزخستن و حاشالێکردن و سڕینەوەیە، ئەویش لە ڕێگای زاڵکردنی تاکزمانی لە سیستەمی پەروەردە و ڕێگاگرتن لە بەکارهاتنی زمانانی دیکە لە پەروەردەدا. وڵاتی ئێران یەک لەو وڵاتانەیە کە سیاسەتی زمانیان بۆ خزمەتی ئایدۆلۆژیا و ئامانجگەلی سیاسیی دیاریکراو بەکار هێناوە. ئایدۆلۆژیای زاڵ لە ئێران لە ماوەی سەت ساڵی ڕابردوودا ئەم وڵاتەی وەک وڵاتی یەک نەتەوە و یەک زمان پێناسە کردووە، نەک هەر دانی بە فرەنەتەوە و فرەزمان بوونی خەڵک و وڵاتی ئێراندا نەناوە، بەڵکو هەوڵی حاشالێکردن و پەراوێزخستنی ئەو نەتەوە و زمانانە و ڕێگری لە جێبەجێبوونی مافە نەتەوەیی و زمانییەکانیانی داوە. لەم توێژینەوەیەدا هەم ئاوڕ لە ناوەرۆکی پرۆسەی "نەتەوەسازی" لەلایەن دەوڵەت-نەتەوەی ئێران بە یارمەتی و هاوکاریی سیستەمی پەروەردەی تاکزمانی دەدرێتەوە، هەم گرنگیی بەرپەرچدانەوەی ئەم پرۆسەیە لەلایەن نەتەوە نافارسەکانی ئێران و بە دیاریکراوی نەتەوەی بێ‌دەوڵەتی کورد، لە ڕێگای داواکردن و پێداگری لەسەر پەروەردە بە زمانی خۆیان باس دەکرێت.

## ١ نەتەوە و دەسەڵاتی سیاسی:

### ١-١-چەمکی نەتەوە و جۆراوجۆریی ڕوانگەکان:

"نەتەوە" لەو چەمکانەیە کە کۆمەڵناسان و زانایانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەی جیاواز پێناسەیان کردوون. لەپشت ئەو پێناسانە، ئایدۆلۆژیا و ڕوانین و بەرژەوەندیی سیاسیی جۆراوجۆر هەن کە بەشێکیان لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەوانی دیکە دامەزراون. لە بەراییدا پێویستە بگوترێت کۆمەڵە خەڵکێک کە خۆیان بە نەتەوە دەزانن، بەڵام لە مافی هەبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ و دەوڵەتی نەتەوەیی بێبەش کراون، پێناسە و خوێندنەوەیان لە نەتەوە، جیاوازیی زۆری هەیە لەگەڵ پێناسەی وڵاتێک کە لە چەند نەتەوەی خاوەن زمانی جیاواز و سەرزەویی تایبەت بە خۆیان پێک هاتووە و هەمووانیان بەسەر یەکەوە بە یەک نەتەوە ناو دەبات. کەم نین ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی سەرزەوی، زمان، مێژوو و کولتووری تایبەت بە خۆیان هەیە و بەراستی لەوانی دیکە جیاوازن، بەڵام هەر بەو هۆیەوە کە نەیانتوانیوە سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن و دەوڵەت-نەتەوەی خۆیان پێک بێنن، بە نەتەوە دانانرێن. لە پێناسەکردنی کۆمەڵە خەڵکێک وەک نەتەوە فاکتەری جۆراوجۆر دەور دەبینن. بەپێی پێناسە کۆنەکان زمانی هاوبەش، سەرزەویی هاوبەش، مێژووی هاوبەش و کولتووری هاوبەش لە سەرەکیترین فاکتەرەکانن. جاران ئابووریی هاوبەشیش وەک یەکێک لەو فاکتەرانە ناوی دەهات. بە نموونە ژۆزێف ستالین، ڕێبەری حزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت

له پێناسەکەی خۆیدا "نەتەوە"ی له ڕەگەز، ئێتنیک لەلایەکەوە و ئیمپراتۆری لەلایەکی دیکەوە جیا دەکردەوە. ئەو لەسەر ئەم باوەڕە بوو: ''نەتەوە کاتێک پێک دێت کە چەندین هۆکاری سەقامگیر لە دەوری یەک کۆ ببنەوە، بۆ نموونە ئابووریی هاوبەش، زمانی هاوبەش، نیشتمانی هاوبەش و فەرهەنگی هاوبەش یان پێکهاتەیەکی سایکۆلۆجیی هاوبەش کە لە پێکهاتنی فەرهەنگی هاوبەشدا ڕەنگی دابێتەوە'' (موهتەدی،٢٠٢١).[١]

دیارە ئەم پێناسەیەی ستالین و ڕێبەرانی دوای ئەو بۆ نەتەوەکان، تەنانەت بەفەرمی ناسینی مافی جیابوونەوە بۆ نەتەوەکانیشی لە تیۆریدا لەگەڵدا بوو، بەڵام بەکردەوە بەپێچەوانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ نەتەوەکان کرد. ئەم فاکتەرانە ئەگەر لەبارەی هێندێک نەتەوەش ڕاست و لەجێی خۆیاندا بن، ناتوانن بۆ هەموو نەتەوەکان دروست بن، چونکە بەکردەوە دەبینین چەندین کۆمەڵە خەڵک هەن کە هەم سەرزەویی هاوبەشی خۆیان هەیە، هەم زمانی تایبەت بە خۆیان؛ لە درێژایی مێژووشدا هەبوون، بەڵام چونکە لە برگەیەک لە مێژوودا نەیانتوانیوە سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن و دەوڵەتی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان پێک بێنن و بیچەسپێنن، بە نەتەوە ناژمێردرێن.

### ١-٢-مەرجدارکردنی نەتەوە بە هەبوونی وڵات و دەوڵەتی سەربەخۆ:

بۆ چوونە نێو ئەم باسە، لە پێشدا چەند پێناسەیەکی جیاواز و جۆراوجۆری "نەتەوە" دەخەینە ڕوو. دواتر لەسەر ئەمە ڕادەوەستین کە کورد وەک کۆمەڵە خەڵکێکی دەیان میلیۆنی و خاوەنی سەرزەوی و نیشتمانێک کە ڕووبەرەکەی لە ڕووبەری دەیان وڵاتی سەربەخۆی ئەمڕۆی جیهان گەورەترە، ئایا دەکەوێتە خانەی "نەتەوە"؟ ئەم کۆمەڵە خەڵکە، ئەگەر نەتەوەن بۆچی مافی هەبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ و دەوڵەتێکی نەتەوەییی تایبەت بە خۆیان پێ ڕەوا نابیندرێت؟ ئەگەر "نەتەوە" نین شایانی چ ناوێکی دیکەن؟ ناسنامەکەیان چییە؟ چییەتیی کێشەکەیان چۆن لێک دەدرێتەوە و ئەم کێشەیان چۆن دەبێت چارەسەر بکرێت؟

نەتەوە بە شێوەی جیاواز پێناسە کراوە. جاری وایە لەم پێناسەکردنانەدا سنووری نێوان نەتەوە و کۆمەڵە خەڵکێکی خوارتر لە نەتەوە بۆ وێنە "قەوم"(ئێتنیک) بە زەحمەت لێک جیا دەکرێنەوە. واتە هەر ئەو پێناسەیەی بۆ نەتەوە کراوە، دەکرێت بۆ قەومێکیش بەکاری بێنی. هێندێک پێناسەکانیش نەتەوە بە هەبوونی دەوڵەت دەبەستنەوە، واتە نەتەوەیەک کە دەوڵەتی نەبێت، نەتەوە نییە. لە بەرانبەردا پێناسەی ئەوتۆش هەیە کە نەتەوەبوونی کۆمەڵە خەڵکێک بە قەناعەت و بڕواهەبوونیان بە نەتەوەبوونی خۆیانەوە گرێ دەداتەوە. لەم بەشەدا ئاماژەیەکی کورت بە ژمارەیەک لەو پێناسە جیاوازانە دەکرێت. "شەبانی" نەتەوەی بەم جۆرە پێناسە کردووە : ''نەتەوە بریتییە لە خاڵی هاوبەشی کۆمەڵێک خەڵک لەبارەی زمان و کولتوور و جوگرافی و شێوەژیان و ڕەگ و ڕیشە مێژووییەکانەوە''. هەر ئەم سەرچاوەیە بەم جۆرە درێژەی بە پێناسەی نەتەوە داوە: ''بەڵام لە ڕووی تیۆری و ڕەگ و ڕیشەوە زاراوەی نەتەوە زیاتر دیاردەیەکی مێژوویی سیاسییە. نەتەوە یەکینەیەکی گەورەی سیاسییە کە لەنێوان کولتوور و هۆشیارییەکی هاوبەشدا گرێبەستێک ساز دەکات'' (شەبانی،٢٠١٥: ٣٢٦)[٢] . پێناسەیەکی دیکەی ئەم چەمکە بریتییە لە: ''کۆمەڵگەیەکی هاوڕەگەز کە خاوەنی پێشینەیەکی مێژوویی یەکسان

و بەرژەوەندییەکی هاوبەش و زمانێکی یەکگرتوو بێت "(سمکۆ محەمەد،٢٠٠٩: ٩٩)[٣]. ئەگەر بەراوردێکی ئەم پێناسانە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە هەبوونی خاڵی هاوبەش لە ڕووی زمان و کولتوور و شێوەژیان و ڕەگوریشەی مێژوویی بۆ ناودێرکران بە "نەتەوە" مەرجێکی پێویستە، بەڵام مەرجی تەواو ئەوەیە کە پێویستە نەتەوە" یەکینەیەکی سیاسی"ش بێت؛ یەکینەیەکی سیاسی کە لەسەر بناغەی هاوڕەگەزی و خاڵە هاوبەشەکان، گرێبەستی دروست کردبێت. مەبەستیش لەم وشانە ئەوەیە توانیبێتی وەک دەوڵەتێک بوونی خۆی بسەلمێنێت. ئاشکرایە دەوڵەتیش لەسەر خاکێکی دیاریکراو پێک دێت. بەم جۆرە پێناسەی نەتەوە، سێگۆشەیەک دەگرێتە خۆی: گۆشەیەک کۆمەڵە خەڵکەکەیە بە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانیانەوە، گۆشەکەی دیکە وڵات یا سەرزەوییەکە کە ئەو خەڵکەی لەسەر دەژین و لە گۆشەی سێیەمیشدا دەوڵەتی ئەو نەتەوەیە هەیە. بیرمەندی فەرەنسی، "ئەرنێست ڕێنان"پێی وایە نەتەوە بەیەکەوەژیانێکی ئارەزومەندانەیە کە لەسەر بنەمای ئیرادە و ئارەزووی هاوبەشی تاکەکانی دادەمەزرێت. بەپێی بۆچوونی ڕێنان: "بوونی سەروەری و شانازییەکانی ڕابردوو، هەبوونی ویست و ئیرادەی هاوبەش لە ئێستادا، ئەنجامدانی کاری گەورە و مەزن لە ڕابردوودا و هەوڵدان بە ئامانجی ئەوەی کاری زیاتریش بە یەکەوە بکرێت، هەموو ئەمانە بۆ بوون بە نەتەوە پێویستن" (جەعفەر عەلی،٢٠١٧)[٤]. ڕێنان، نەتەوەی بە هاوپێوەندییەک زانیوە کە بەهۆی ئاگامەندیی مێژوویییەوە دەپارێزرێت. مەبەستی لەم قسەیە ئەمەیە: "ئەم هاوپێوەندییە دەبێت بە خواستی ژیانی هاوبەشەوە درێژەی پێ بدرێت. بە هەمان ئەندازە کە ڕابردووی مێژوویی گرنگە، ئێستاش گرنگە. ناکرێت ئێستا فیدای ڕابردوو بکەین و نەتەوەیەک بەهۆی ئەوەی پێشینەیەکی هاوبەشیان بووە، بە ناچاری لای یەک ڕایانبگری یان لە یەکیان جیا بکەیتەوە" (موهتەدی، ٢٠٢١)[٥]. کاکڵەی پێناسەکەی ڕێنان "نەتەوەی سیاسی" دەگرێتەوە. چونکە ڕێنان لەسەر ئەم باوەڕە بوو کە "نەتەوە" بریتییە لە ڕاپرسییەکی ڕۆژانە. تەبریزی لێکۆڵەری ئێرانی، مەبەست لەم قسەیەی ڕێنانی بەم جۆرە لێک داوەتەوە: "بنەمای نەتەوە لەسەر ئیختیار و ڕەزامەندی و حەز و ئارەزوومەندێتی بۆ پێکەوەژیان دادەمەزرێت کە ئەمەش لە ڕاپرسیدا خۆی دەرخستبێت، نەک جارێک ڕاپرسی و بۆ هەمیشە، بەڵکو ڕاپرسییەکی ڕۆژانە و بەردەوام و بەستنەوەی مانەوە و پێکەوەژیانی ئەو نەتەوە سیاسییە بە ڕەزامەندیی بەردەوام و ڕۆژانە (تبریزی، ٢٠٠٨)[٦]. "بێنێدیکت ئاندرسۆن" کە پێکهاتنی نەتەوە و ناسیۆنالیزم(نەتەوەپەرستی)ی گەڕاندووەتەوە بۆ سەرهەڵدانی پیشەسازی و سەرمایەداری، لەو بڕوایەدا بوو بۆ پێکهێنانی نەتەوە مەرجە دوو پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی تێک بشکێنرێت. یەکیان تێکشکاندنی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی سەروو نەتەوە کە ئیمپراتۆرییەت و دەوڵەتی دینی و هاوشێوەی ئەوانە دەگرێتەوە؛ دووەمیان، تێکشکاندنی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی خوار نەتەوە، کە خۆی لە بنەماڵە و خێڵ و عەشیرەت و هەر پێکهاتەیەکی دیکەی لە نەتەوە بچووکتردا دەبینێتەوە"(سەرچاوەی پێشوو). ئەمەش بەو مانایە کە کۆمەڵە خەڵکێک کە

خۆیان بە یەک نەتەوە دەزانن، ناسنامەی نەتەوەییی خۆیان لە بەستراوەیی بە گرووپی سەرووتر یان خوارتر لە نەتەوە، بە گرنگتر دەزانن.

### ١-٣- نەتەوە بەپێی تیۆریی دەوڵەت- نەتەوە:

جیهان لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم و پاش سەرکەوتنی شۆڕشەکانی ئەمریکا (١٧٨٦) و فەرانسە (١٧٨٩) بەرەبەرە شایەتی پێکهاتنی دەوڵەت-نەتەوەکان بوو. پێکهاتنی دەوڵەت-نەتەوە لە سەدەی نۆزدەیەم لە ئەورووپای ڕۆژاوا و باکووری ئەمریکا پەرەی گرت، پاشان ئەم ڕەوتە لە سەدەی بیستەمدا لە ئەمریکای لاتین، ئاسیا و ئەفریقا گەشەی کرد، وای لێهات لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا نزیکەی پانزدە ئیمپراتۆریی لاوازی چەند ئێتنیکی (وەک عوسمانی، نەمسا و هەنگاریا) ڕوخساری سیاسیی جیهانیان پێک دێنا (حەمدی و هاوکارانی،١٣٩٩:٣٣٣)[٧]. تیۆریی دەوڵەت-نەتەوە داواکار بوو کە ئیمپەراتۆرییەکانی ئەو سەردەم بەگوێرەی پێکهاتە ئێتنیکی و نەتەوەییەکانیان دابەش ببن، بە جۆرێک کە هەر نەتەوەیەک دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆی هەبێت. زۆر لە وڵاتانی ئەو سەردەمیش ڕێک لەسەر ئەم بناغەیە دروست بوون. لەم تیۆرییەدا نەتەوە پێش دەوڵەت دەکەوت، واتە نەتەوە دەبوو هەبا، جا دەیتوانی دەوڵەتی هەبێت. تیۆریی ناوبراو ئەم مافەی دەدا بە هەر نەتەوەیەک کە دەوڵەتی خۆی هەبێت. لە ڕاستیدا بەپێی ئەم تیۆرییە پۆلێنکردنی بلۆکە سیاسییەکانی جیهان دەبوایە بەپێی پۆلێنکردنی نەتەوەکان بێت. لەم تیۆرییەدا نەتەوە بوون هۆکار و دەوڵەت ئەنجامەکەی بوو. لە کۆتاییی سەدەی نۆزدە یان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لە بەشەکانی دیکەی دنیاش بە پشتبەستن بەم تیۆرییە، ژمارەیەک دەوڵەت-نەتەوە دروست بوون، یان بە ئیلهاموەرگرتن لە تیۆریی دەوڵەت- نەتەوە، خۆیان و خەڵکی وڵاتەکەی خۆیان پێناسە کردەوە. وەک نموونە دەوڵەتی تورکیا کە لەسەر وێرانەکانی ئیمپراتۆریی هەڵوەشاوەی عوسمانی دروست بوو، خۆی وەک نوێنەری ئیرادەی نەتەوەی تورک پێناسە کرد و خەڵکی ئەو وڵاتەی- کە لە ڕووی نەتەوایەتییەوە پێکهاتەی جیاوازیان هەبوو-، وەک یەک نەتەوە(نەتەوەی تورک) پێناسە کرد. دەوڵەتی ئێرانیش خەڵکی وڵاتەکەی بە نەتەوەی ئێران پێناسە کرد و خۆشی وەک دەوڵەتی نەتەوەی ئێران، ناساند. لە وڵاتە تازە پێکهاتووەکانی دیکەی سەر نەخشەی سیاسیی جیهانی نوێش، بۆ نموونە سووریا و عێراق، دەوڵەتەکان خۆیان وەک نوێنەری ئیرادەی سیاسیی نەتەوەیەکی دیاریکراو، پێناسە کرد: نەتەوەی سووریا و نەتەوەی عێراق. بەڵام هەر وەک لە ئێران نەتەوەیەکمان بە ناوی نەتەوەی ئێران نەبووە و نییە، لەو دوو وڵاتەی دیکەش، نەتەوەی سووریا و نەتەوەی عێراق نەبووە و نییە. م. هەورامانی پشتبەستوو بە پێناسەی حافیزنیا (١٣٨٨)، میللەت یان نەتەوەی بە کۆمەڵێک لە مرۆڤەکان زانیوە کە لە چوارچێوەی سنوور و جوگرافیای سیاسیی یەک وڵات (واتە کیانێکی سیاسی)دا دەژین و ماف و بەرپرسیاریەتیی وەک یەکیان هەیە (هەورامی، ٢٠٢٠: ٦١٨)[٨]. هەبوونی پێگەی سیاسی و بوون بە دەوڵەت لە زۆربەی پێناسەکاندا کراوە بە مەرجێکی سەرەکی. لە باوەڕی جوگرافیزانانی سیاسیدا، کاتێک قەومییەت یا ئێتنیک بەرگی نەتەوە دەپۆشێت کە بتوانێت خۆی لە

چوارچێوەیەکی سیاسی یان "State"دا ڕێک بخات. بۆ وێنە ئەفغانستان، تاجیکستان و ئێران لە زۆر بوارەوە و بەتایبەت زمان، ئایین و کولتوور، وەک یەکن بەڵام بە هۆی جیاوازیی سنوور و وڵاتەوە، بوون بە سێ نەتەوەی جیاواز. لە بەرانبەردا نەتەوەی سویسرا هەیە کە لە وڵاتێکی بچووکدا چوار زمانی جیاواز پێکەوە، نەتەوەیەک پێک دەهێنن. بە چاوخشاندنێک بەو پێناسانەی بۆ نەتەوە کراون، نەتەوە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەیە: ١- وڵات و حکوومەتێکی هاوبەش،٢- زمان و فەرهەنگی هاوبەش،٣- ئایین و باوەڕی هاوبەش، ٤-خاک و سەرزەمینی هاوبەش، ٥- بیرەوەریی سیاسیی هاوبەش و ٦- مێژوو و چارەنووسی هاوبەش" (سەرچاوەی پێشوو: ٦١٨)، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەوە تەنیا تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی کۆمەڵە خەڵکێک نین کە دەیانکەن بە هاوشانی نەتەوەکانی دیکە. نەتەوە بە مانا نوێیەکەی، پێویستیی بە سروشتێکی دامەزراوەیی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە هاوشان بێت. لێکۆڵەری کورد، کنێر عەبدوڵلا پێی وایە: "ئەو نەتەوانەی دوای دروستبوونی دەوڵەت دروست بوون، یان ئەو نەتەوانەی دەوڵەتێکیان هەیە، بەشێک لە سروشتی دامەزراوەییی دەوڵەتیان وەرگرتووە و جۆرێک لە ڕێکخستنیان هەیە کە یارمەتییان دەدات گەشە بکەن و خۆیان بەئاسانی لەگەڵ قۆناغە جیاوازەکان بگونجێنن "(کنێر عەبدوڵلا،٢٠١٧)[٩]. بەڵام ئەو نەتەوانەی نەبوون بە خاوەن دەوڵەتێک و ئەو نەتەوانەی خراونە چوارچێوەی دەوڵەتێک کە نەتەوەیەکی نامۆ و دژ تێیدا باڵادەستە، بۆ مانەوە بەگشتی و پەیداکردنی سروشتی دامەزراوەییی بەتایبەتی، ئەرکی قورستریان لەسەر شانە. ئەم لێکۆڵەرە کوردە نووسیویەتی: "نەتەوە بێدەوڵەتەکان پێویستیان بە ڕێکخستن هەیە بۆ ئەوەی بتوانن بەرگەی ئەو شەپۆلانە بگرن کە بە ئاراستەی لاوازکردنیان دەجووڵێنەوە" (سەرچاوەی پێشوو). دەتوانین لە کۆی ئەم باسە ئەم ئاکامە وەربگرین: لە پرۆسەی لەدایکبوونی دەوڵەت – نەتەوەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، نەتەوەی وا هەبوون ئەگەرچی بەپێی هێندێک لە پێناسەکان نەتەوە بوون، بەڵام نەیانتوانی یان نەیانهێشت ببن بە خاوەن دەوڵەتی نەتەوەییی خۆیان. کورد نموونەی ئەو نەتەوانە بوو. هێندێک نەتەوەش دروست کران کە نەتەوەی خەیاڵی بوون، کۆمەڵە خەڵکێکی پێکهاتوو لە ئێتنیک و نەتەوەی جیاواز بوون، بەڵام بەو هۆیەوە کە بە حوکمی مێژوو یان بەپێی ویستی زلهێزەکان و براوەکانی شەڕی جیهانی، کەوتبوونە نێو جوگرافیایەکی سیاسیی دیاریکراو، ناوی نەتەوەیان لەسەر دانرا. وەک موهتەدی وتوویەتی: "پێکهاتنی زۆرێک لە دەوڵەت-نەتەوەکان بەرهەمی ئاوێتەبوون یان جیابوونەوەی زۆرەملیی ئەوان لەلایەن دەسەڵاتە بیانی و کۆلۆنیالیستەکانەوەیە، نەک ئەوەی بەرهەمی یەکگرتنی مێژوویی و گەشەی سروشتیی ئەم کۆمەڵگەیانە بێت" (موهتەدی، ٢٠٢١)[١٠]. ئەگەر فاکتەرەکانی خاکی هاوبەش، مێژوو و ڕابردووی هاوبەش، کولتووری هاوبەش و لە هەمووی ئەمانە گرنگتر وشیاری و ویستی نەتەوەییی تاکەکان بکەینە پێوەر، کورد نەتەوەیەکی تەواوە. نەتەوەیەکە کە نیشتمانەکەی پارچەپارچە کراوە و هەر پارچەیەک لە خاکەکەی خراوەتە سەر دەوڵەت -نەتەوەیەک. داگیرکەرانی

خاکەکەی و تەنانەت سیستەمی نێودەوڵەتیش ڕێگرن لەوەی خاکەکەی بخاتەوە سەریەک و دەوڵەت نەتەوەی خۆی دابمەزرێنێت. نەک هەر وەک نەتەوەیەک سەیری ناکەن و بە قەوم و بچووکتر لە قەومیش ناوی دێنن، تەنانەت لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەت-نەتەوە داسەپاوانەشدا کە بەبێ ویست و ئارەزووی کورد پێک هاتوون، سەرەتاییترین مافە نەتەوەییەکانی پێ ڕەوا نابینن.

### ١-٤-پێویستیی هەبوونی پێگەیەکی دەستووری -نەتەوەیی:

"نەتەوەی بێدەوڵەت" چەمکێکی ناسراوی ئەم سەردەمەیە. ئەم چەمکە بۆ ئەو خەڵکانە بەکار دەهێنرێت کە زۆر لە تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیان تێدایە، بە نموونە خاوەن سەرزەوی و مێژووی تایبەت بە خۆیانن، لە ڕووی زمان و کولتوورەوە لە خەڵکانی دەوروبەری خۆیان جیاوازن، لەمانەش گرنگتر خۆیان باوەڕیان وایە کە نەتەوەیەکی جیاوازن و پێشینەی خەبات بۆ دروستکردنی کیانی سیاسی و نەتەوەییان هەیە و هەتا ئێستاش لەسەری بەردەوامن، بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەمانەشدا هەروا لە سەربەخۆیی وڵات و هەبوونی دەوڵەتی تایبەت بە خۆیان بێبەش ماونەوە. نەتەوەی کورد، گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت و بەرچاوترین نموونەی ئەم جۆرە نەتەوانە لە هەموو جیهاندایە. ئەم نەتەوەیە بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی و بەرگریلێکردن و پێشخستنی لەنێو هەر یەک لەو دەوڵەت- نەتەوانەدا کە کوردستانیان بەسەر خۆیاندا دابەش کردووە، پێویستە پێگەیەکی دەستووریی تایبەت بە خۆی هەبێت، بەجۆرێک کە هەم بتوانێت لەسەر نیشتمان و سەرزەوییەکەی خۆی، خۆی بەڕێوە بەرێت، هەم پشکی تایبەت بەخۆی لەنێو ناوەندەکانی دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەت -نەتەوەکانی ئێستادا هەبێت و لەم ڕێگایەشەوە پارێزگاری لە پێگەی سیاسی-نەتەوەییی تایبەت بەخۆی بکات. بوونی پێگەیەکی دەستووری- نەتەوەییی تایبەت بە کورد یان هەر پێکهاتەیەکی نەتەوەییی بندەست لە نێو ئێران یان لەنێو دەوڵەت-نەتەوەکانی دیکەی ناوچە و شانبەشانی ئەمەش پشک هەبوون و بەشداربوونی ئەو نەتەوانە لە ناوەندەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت -نەتەوەکاندا، جگە لەوەی کۆتایی بە حاشاکردن لە فرەیی نەتەوەیی و زمانی لەو وڵاتانەدا دێنێت، دەروویەکیان بە ڕوودا دەکاتەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی، چی دیکە ناوەند و دامەزراوەی سیاسی، بەڕێوەبەری و یاسادانان لەسەر ناسنامەی سەردەست و تاقە پێکهاتەیەک تاپۆ نەکات و جومگەکانی دەسەڵات بۆ سڕینەوەی ناسنامەکانی دیکە و یەکسانکردن بەکار نەهێنێت. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا سیستەمی پەروەردە و فێرکردن و دیاریکردنی سیاسەت و پلانی زمانیش، چی دیکە لە خزمەت دروستکردنی نەتەوەیەکی خەیاڵی و هەڵاواردن و پەراوێزخستن و سڕینەوەی نەتەوە تا ئێستا بندەست و پشتگوێخراوەکاندا نابێت.

## ٢ پێناسە و کورتەمێژووی سیاسەت و پلانی زمانی:

### ٢-١- سیاسەتی زمانی:

چەمکی"سیاسەت" پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە. زۆر لە پێناسەکان لەوەدا یەک دەگرنەوە کە سیاسەت بە سەرجەمی هەوڵەکان بۆ بەدەستەوەگرتن یان پاراستنی دەسەڵات دەگوترێت. ''سیاسەت بە واتا گشتییەکەی بە هەر

ستراتیژی و تاکتیک و ڕێگا و شێوازێک بۆ باشتر بەڕێوەبردنی کاروبارێک چ کەسی و چ گشتی دەگوترێت، بەڵام بە واتا تایبەتەکەی سیاسەت بریتییە لەو مێتۆد و شێوازانەی بەڕێوەبردن کە پێوەندییان بە دەوڵەتەوە هەبێت" (آشوری،۱۳۹۴:۲۱۲)[11]. دیارە ئەو بوارانەی سیاسەت پێوەندیی بەوانەوە هەیە زۆرن بۆیە بۆ لێکهەڵاواردن و ناسینەوەی سیاسەتەکان، بەگوێرەی بواره پێوەندیدارەکان ناویان دەبرێت وەک سیاسەتی ئابووری، سیاسەتی دەرەوە، سیاسەتی نێوخۆیی، سیاسەتی پەروەردەیی، سیاسەتی کولتووری و... هتد. یەکێکیش لەو بوارانە کە سیاسەت پێوەندیی بەوانەوە هەیە، بواری زمانە. لەسەر پێشینە و مێژووی سیاسەتی زمانی دوو بۆچوونی جیاواز هەن. بۆچوونێک مێژووەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ زۆر کۆن. لە کتێبی "سفر پیدایش"دا هاتووە کە حەزرەتی ئادەم ئەرکی ناودانان لەسەر گیاندارانی باغی عەدەنی گرتە ئەستۆ. هەروەها هاتووە کە خودا لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دانیشتووانی بابلدا زمانی ئەو قەومەی تێک دا و ئەمری کرد کە فرەزمانی لەنێو ئەو قەومەدا پەرە بگرێت. "سپۆلسکی"، لە کتێبی "سیاسەتی زمانی"دا، ئەم نموونانەی وەک بەڵگەی کۆنبوونی"سیاسەتی زمانی" هێناوەتەوە و وتوویەتی: "بە هیچ جۆر بابەتێکی نوێ نییە" (اسپالسکی، ۱۳۹۱:۵)[12]، بەڵام سەرەڕای بوونی بۆچوونی لەم چەشنە بە بڕوای زۆر لە خاوەنڕایان و شارەزایانی سیاسەتی زمانی و مێژووەکەی، چەمکی "سیاسەتی زمانی" چەمکێکی تا ڕادەیەک نوێیە. خودی اسپالسکی(۱۳۹۱:۱۶) ، نووسیویەتی: "یەکەمین کتێب کە زاراوەی سیاسەتی زمانی تێدا بەکار هێندراوە، کتێبی سیبۆلێرۆیە" (قازی،۲۰۲۲:۱۷)[13].

هەر ئەووەش کە یەکەم کتێب بەم ناوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا بڵاو بووەوە و پێشتر ئەم چەمکە لە نووسیندا خۆی دەرنەخستووە، بەڵگەیە بۆ نوێبوونی چەمکەکە. ئاماژە بەو ڕاستییەش پێویستە کە ئەم چەمکە زۆر جار بەهەڵە لەگەڵ "پلانی زمانی" کە ئەویش وەک سیاسەتی زمانی چەمکێکی نوێیە، بە یەک واتا بەکار هێنراون. دیارە ئەم بۆچوونە ڕاست نییە و لەنێوان سیاسەتی زمانی و پلاندانانی زمانی ئەگەرچی پێوەندییەکی چڕ هەیە، بەڵام جیاوازی هەیە. "سیاسەتی زمانی مەبەست و بیرۆکەی زاڵ بەسەر چۆنیەتیی دارشتنی پلاندارێژیی زمانیدایە و پلاندارێژیی زمانی پلانێکی کردارییە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانی"( قازی،۲۰۲۲:۲۰)[14]. لەڕاستیدا پلانی زمانی بۆخۆی بەشێکە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانی. سیاسەتی زمانی ئەگەر پلانی زمانی لەپشت نەبێت ئامانجەکانی نایەنەدی. پلانی زمانیش ئەگەر سیاسەتێک ئاراستە و ڕێنوێنیی نەکات، بەرەو ئاسۆیەکی ناڕوون هەنگاو دەنێت و دەستکەوتێکی دیاریکراوی نابێت، ئەم دووانە تەواوکەری یەکترن. هەرچی سیاسەتی زمانییە، لایەنی تیۆریی هەیە، بەڵام پلانی زمانی بەکردەیی کردنی ئەو سیاسەتەیە کە لە پشتیەتی. بە گوتەی "بالدوف" "پلان و سیاسەتی زمانی لە ساڵانی دوای جەنگی دووەمی جیهانیدا هاتنە ئاراوە. هەڵبەت ڕەگە فەلسەفی و پراکتیکییەکانیان لە وڵاتانی ڕۆژاوا بۆ سەردەمی ناپلیۆن لە فەرەنسا دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە ناپلیۆن هەستی بەوە کرد زمانێکی یەکگرتووی بۆ بەڕێوەبردنی سوپا پێویستە"[15](Baldauf, ۲۰۱۲: ۲۰۳) . کۆتاییی سەدەی نۆزدەیەم

و سەرەتای سەدەی بیستەم کاتێک بیرمەندانی زمانەوانی بە دوای ئامرازە چەمکدارەکاندا دەگەڕان، بۆ تێگەیشتن و شەرعی بوونی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەو پرۆژە ڕۆشنبیرییە گەورەیە بە بایەخەوە دەرکەوت و گەشەی کرد. سیاسەتی زمانی بوارێکی بەرفرەیە، ئاوێنەیەکە هاوکات هەم بیرکردنەوە و ڕوانینی وڵاتێک و کۆمەڵێکی لەبارەی زمانەکانی تێدا دەخوێنینەوە، هەم هەوڵەکان و کردەوە و دژکردەوەکانی پێوەندیدار بەو ڕوانینانە. لێکۆڵەری کورد "قازی" پێی وایە: ''سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی بریتییە لەو کردەوە دەستانقەستانەی کە لەلایەن حکومەت، ڕێکخراو، ناوەند، تاک و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کاریگەری دانان لەسەر ڕەفتاری زمانی تاک و کۆمەڵگە بەڕێوە دەچێت، کردەوەگەلێک کە بە مەبەستی پەرەپێدان، سەپاندن یا سڕینەوەی شوناسی گرووپە ئینسانییەکان ئەنجام دەدرێت کە لەسەر دەستی زمان ڕوو دەدات'' (قازی،٢٠٢٢:٢٣)[16]. بە دەربڕینێکی دیکە کۆی ئەو پێوەندییانەی ژیان و زمان لێک گرێ دەدەن، کاکڵەی سیاسەتی زمانی پێک دێنن. "لوییس جان کالفی" سیاسەتی زمانی بە سەرتاپای ئەو ڕێگایانە دەزانێت کە لە بواری پێوەندییەکانی نێوان زمان و ژیان لە وڵاتێکدا بەکار دەهێنرێن (کالفی،٢٠١٢:١٥٢)[17]. وەک دەبینین پێناسەی جیاواز بۆ سیاسەتی زمانی کراوە، بەڵام هەموویان لە ناوەڕۆکێکی گشتیدا کۆک و هاوڕان کە بەم جۆرەیە: ''سیاسەتی زمانی بریتییە لە دارشتنی بنەماکانی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی زمان یان زمانەکان لە ڕێگای پێدانی پێگەیەکی دەستووری و یاسایی لە وڵاتدا بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکانی زمان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا. بەپێی جۆری سیستەمی حوکمڕانی و ئایدیۆلۆژیای سیاسیی دەسەڵات لە وڵاتدا، پێگەی زمانەکانیش دەگۆڕێت'' (سلێمان،٢٠٢١:١٧٣)[18].

ئەو پێناسانەی لەبارەی سیاسەتی زمانییەوە هەن، ئەگەر لە فۆرمۆڵەکردن و دەربڕینی وشەکانیشدا جیاوازییان هەبێت لە ناوەڕۆکدا لێکدوور نین. سیاسەتی زمانی لە ڕووی تیۆرییەوە هەڵگری چەند تایبەتمەندییەکە. سپۆلسکی، تیۆریی سیاسەتی زمانی بە هەڵگر و خاوەنی چوار تایبەتمەندیی بنەڕەتی زانیوە. یەکەمین تایبەتمەندی، دابەشبوونی سیاسەتی زمانی بە سەر سێ بواردایە کە بریتین لە: ئەلف) بەکارهێنانە زمانییەکان، ب)باوەڕ و ئایدۆلۆژییە زمانییەکان و ج) ئەو سیاسەت و پلانە وردانەی لە خزمەت چاکسازیی ڕێوشوێن و ئایدۆلۆژیاکانی کۆمەڵێکدان (اسپالسکی،١٣٩١:٥٥)[19]. دووەم تایبەتمەندیی بنەڕەتی لە ڕوانگەی سپۆلسکییەوە ئەوەیە کە سیاسەتی زمانی هەر تەنیا زارە دیارەکانی زمانێک ناگرێتەوە، بەڵکو پێوەندیی بە سەرجەم پێکهاتەکانی هەموو ئاستەکانی زمانەوە هەیە، وەک دەنگسازی، ڕێنووس، وشەسازی، ڕێزمان، شێواز؛ هەروەها زمانی بەد، زمانی ڕەگەزپەرستانە، زمانی دزێو، زمانی دروست و... هتد. شێوەزارەکانیش دەگرێتەوە. سێیەم تایبەتمەندیی بنەڕەتیی سیاسەتی زمانی، پانتایی و گۆڕەپانی کارپێکردنیەتی (سەرچاوەی پێشوو: ٥٦). ناوچەی ژێرکاریگەریی سیاسەتێکی زمانی نەک هەر جڤاتێکی زارەکی، بەڵکو جڤاتێک بە هەموو ڕەهەندەکانیەوەیە. سپۆلسکی لەم بارەیەوە نووسیویەتی: ''قەڵەمڕەوی سیاسەتێکی زمانی دەتوانێت

گرووپ یا جڤاتێکی ئایینی، سیاسی یان کۆمەڵایەتیی دەستنیشانکراو بیت کە دەکرێت بنەماڵەیەک، دەستەیەکی وەرزشی، گەڕەکێک، شوێنی کار، ڕێکخراوێک، شارێک، وڵاتێک یا فیدراسیۆنێکی ناوچەیی بێت. چوارەم تایبەتمەندیی بنەڕەتیی تیۆریی سیاسەتی زمانی ڕۆڵگێڕان و کارابوونی لە ژینگەیەکی خۆجێییدایە کە زنجیرەیەک پێوەندیی ئاڵۆز، توخمەکان، گۆڕاوەکان و هۆکارە زمانی و نازمانییە خۆجێییەکان پێکەوەی گرێ داون. زۆر جار خۆگونجاندنی لەگەڵ وەها ژینگەیەکدا لەگەڵ کێشە و گرفت و شکان بەرەورووو دەبێتەوە" (سەرچاوەی پێشوو:٥٧-٥٦). خاڵێک کە جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردن لە ناوهێنان و شیکردنەوەی ئەم تایبەتمەندییانەدا کە سپۆلسکی ئاماژەی پێداون، گونجان و نەگونجانی سیاسەتێکی زمانی لەگەڵ ژینگەکەیدایە. زمانناسی کورد شێخولئیسلامیش بۆچوونێکی هاوشێوەی سپۆلسکی هەیە: "سیاسەت و پلانی زمانیی باش ئەوەیە کە بە بەشداریی خەڵک دادەڕێژرێت، بە شێنەیی و لێزانی وەگەڕ دەخرێت، پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی بەردەوامی بۆ دەکرێت و لە کاتی پێویستیشدا بە پرۆسەی بەردەوامی چاکسازی و ڕیفۆرمدا دەڕوات" (شێخولئیسلامی،٢٠٢٣:١٨)[٢٠]. ئەمەش گرنگە کە پلاندانانە زمانییەکان لەگەڵ ناوەرۆکی سیاسەتە زمانییەکەدا گونجاو بن. سیاسەتێکی زمانی دەکرێت لە نێوەرۆکدا لەگەڵ ژینگە، یا ئەو وڵات و جڤاتەی سیاسەتەکەی بۆ دانراوە گونجاو بێت، بەڵام ئەو پلانانەی بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکە داڕێژراون، لەوانەیە زانستی نەبن. تەنانەت ئەگەر پلانەکانیش زانستی بن، بەڵام ئەوانەی جێبەجێی دەکەن بە مەرجێک لێوەشاوەیی و ئەزموون و توانایی پێویستیان بۆ ڕاییکردنی نەبێت، ئاکامی جێبەجێکردنەکە نەخوازراو و نەرێنی دەبێت و بەم جۆرە لە ئەنجامدا سەرنەکەوتنەکەی بە مل سیاسەتەکەدا دەشکێتەوە. کێشە و گرفتی گەورە ئەو کاتە ڕووبەڕووی سیاسەتێکی زمانی دەبێتەوە کە ناوەڕۆکەکە لەگەڵ ڕاستییەکانی ژینگەی جێبەجێکردنەکەیدا نەگونجێت. لە بارێکی ئەوتۆدا ئەگەر وردترین پلانەکانیش دابڕێژین و پسپۆڕانی کارامە و لێهاتوویش بخەینە خزمەت جێبەجێکردنی، سیاسەتەکە هەرچەند لە کورتخایەنیشدا ڕووبەڕووی کێشە نەبێتەوە، لە درێژخایەندا خۆی دەبێتە سەرچاوەی کێشەی گەورە. هەر بۆ وێنە لە وڵات و جڤاتێکی فرەزمان، سیاسەتێکی زمانی کە ئامانجەکەی پەراوێزخستن و سڕینەوەی زمانەکان لە پێناوی زاڵکردنی تاکە زمانێکدا بێت، ئەو سیاسەتە قەیرانخوڵقێن دەبێت، قەیرانەکەش تەنیا داوێنی زمانە پەراوێزخراوەکان ناگرێتەوە، بەڵکو کێشەی سیاسی لێ دەکەوێتەوە.

## ٢-٢-پلانی زمانی:

پلانی زمانی بووە بە ئاوەڵدووانەی سیاسەتی زمانی. بەزۆری ئەم چەمکە بە دوای سیاسەتی زمانیدا دێت، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ چەمکی سیاسەتی زمانیشدا نەیەت، یەکەم شتە کە بە بیستن و دیتنی چەمکی سیاسەتی زمانی بە بیرماندا دێت. هۆی ئەم لێکگرێدراوییەیان بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کە سیاسەتی زمانی بێ پلانی زمانی ناگاتە ئەنجام و پلانی زمانیش بێ سیاسەتی زمانی، دەبێتە توێکڵێکی بێ کاکڵ. پلاندانان واتە سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکان بە جۆرێکی وشیارانە و کۆنترۆڵکراو. پلاندانانە کۆمەڵایەتییەکان کە پلاندانانی

زمانیش یەکێکیانە، نموونەیەکن لە بڕیاردان بە هۆی کەسانی خاوەنبیر بۆ چارەسەریی کێشەیەک. لێکۆڵەری ئێرانی، ئەفخەمی پێی وایە: ''بناغەی پلاندانانی زمانی لەسەر چاولێکردنی زمان وەک سەرچاوەیەکی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێت. گرنگیی ئەو سەرچاوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵ و بایەخی لە دروستکردنی پێوەندی و ناسنامە لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا'' (ئەفخەمی،٩:١٣٨٤)[21].سەرهەڵدانی چەمکی "سیاسەتی زمانی"دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٤٥)ی زایینی. ''چەمکی "پلاندانانی زمانی"یش لە کۆتاییەکانی دەیەی (١٩٥٠)و بە دیاریکراویش بە هۆی "هاوگێن"ەوە لە وتارێکدا لەژێر ناوی "دیالێکت، زمان، نەتەوە" بۆ چارەسەرکردنی ئاریشە و گرفتەکانی بەردەم زمان لە وڵاتی نۆروێژ بەکار هاتووە'' (حەمەئەمین و کەریم،١١:٢٠١٧)[22].

دەیەی(١٩٩٠) بە وەرچەرخانێک لە مێژووی لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانیی کارەکیدا دەژمێردرێت. بە بۆچوونی "داوەری"، دوو ڕووداو ڕێخۆشکەر بوون بۆ دروستبوونی هەلومەرجێکی ئەوتۆ: ""یەکەم، پەرەگرتنی بێوێنەی زمانی ئینگلیزی و دنیاداگیرکردنی لە درێژەی ڕەوتی بەجیهانیبووندا. دووەم، هاوکاتبوونی هاتنەگۆڕ و بڵاوبوونەوەی هزری ڕەخنەگرانە و پۆستمودێرن''. "داوەری" لەم بارەیەوە وتوویەتی: ''ئەم دووانە بوارێکی لەباریان بۆ چڕبوونەوەی سەرنجەکان و وردبوونەوە لەبارەی چەمکی سیاسەتی زمانی ڕەخساند. لە ئاکامی ئەو هەلومەرجەدا بواری سیاسەت و بەرنامەڕێژیی زمان، بووژانەوە و بەهێزبوون و بەرینبوونەوەیان بەخۆوە دیت'' ( داوەری ،٨:١٣٩٩)[23]. بە گوتەی ئەفخەمی، زۆرتر سیاسەتمەداران ڕۆڵیان لە دەستنیشانکردنی ئامانجەکانی پلانی زمانیدا هەیە و پسپۆڕانیش ئەرکی ئامادەکردنی پلانەکە دەگرنە ئەستۆ. پسپۆڕان، دوای لەبەرچاوگرتنی ئەو سەرچاوانەی مەزەندە دەکرێن، چەندوچۆنیی بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانە لە خزمەت ئامانجی پەرەپێداندا هەڵدەسەنگێنن و کاتێک لەسەری ڕێک کەوتن، ئامراز و تەکنیکەکانی جێبەجێکردنی دیاری دەکەن. دوایە یاسادانەران ئەم قۆناغانە پەسەند دەکەن و بۆ جێبەجێکردن دەیدەنە دەست دەوڵەت(ئەفخەمی،٩:١٣٨٤)[24]. پلانی زمانی، چەندین بنەمای بەیەکەوە گرێدراوی وەک زنجیرەی هەیە کە ئەو بنەمایانە هەنگاو بە هەنگاو پێڕەو دەکرێن تا وەکو ببنە باشترین چارەسەر بۆ کێشەکانی بەردەم زمان لە کۆمەڵگەدا. "حەمەئەمین" و "کەریم"(١٣:٢٠١٧)[25] لە لێکۆڵینەوەی هاوبەشی خۆیاندا ئەم قۆناغانەیان بەم جۆرە دەستنیشان کردووە: '' ١-کێشە و گرفت کە تێیدا کێشەی بەردەم زمان یا زمانەکان دەستنیشان دەکرێت، ٢-خاوەن بڕیار (دەسەڵات) لەم قۆناغەدا حکومەت و دەزگا پێوەندیدارەکان، بڕیارەکە جێبەجێ دەکەن و ئەرکی چاوەدێریکردن و گۆڕین و باشترکردنی زمانیان دەکەوێتە ئەستۆ، ٣-جێگرەوەکان(بەدیلەکان)، لەم قۆناغەدا لە ڕێگای هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوە یان وەرگرتنی ڕای پسپۆڕان و شارەزایانەوە، شوێنگرەوە و ڕێگاچارە گونجاوەکان پۆل پۆل دەکرێن. ٤- هەڵسەنگاندن، لەم قۆناغەدا جێگرەوەکان بەپێی پێوەرێکی زانستی و گونجاو، هەڵدەسەنگێندرێن و تاقی دەکرێنەوە. ٥-پێڕەوکردن، کە ئەمەش قۆناغی جێبەجێکردنی پلانەکە و بەڕێوەبردنی دەگرێتەوە''. دیارە جێبەجێکردنی پلانی زمانی، پێویستی بە هاوکاری و بەشداریی کۆمەڵێک زانست و بواری دیکەش هەیە، چونکە

لەلایەک لەگەڵ زمانناسی و لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ کۆمەڵناسی لە پێوەندیدایە، هاوکات پێوەندیی بە لقە جۆراوجۆرەکانی بەرنامەڕێژی و زانستی سیاسەتیشەوە هەیە.

### ۲-۳- ڕەهەندەکانی سیاسەتی زمانی:

سیاسەتە زمانییەکان بە شێوەیەکی گشتی، یان ئاشکران یان شاراوە. بۆ ناسینەوەی سیاسەتە ئاشکراکان، ئاسانترین ڕێگە ئەوەیە لەو سیاسەتانەی بە شێوەی بەیاننامەی فەرمی لە بەڵگەنامەکانی وڵاتێکدا بەرچاو دەکەون، ورد بینەوە. بۆ وێنە لەوانەیە ئەو سیاسەتانە وەک ماددەیەکی یاسایی لە دەستووری وڵاتدا یان یاساکانی پێوەندیدار بە زمان، یان بەڵگەنامەیەکی دەوڵەت یان لە ڕێنماییە کارگێڕییەکاندا خۆیان بنوێنن. بە گوتەی سپۆلسکی لە ئێستادا (۱۲۵) وڵاتی جیهان لە دەستووری خۆیاندا باسی جۆرێک لە سیاسەتی زمانییان کردووە و نزیکەی (۱۰۰) وڵاتی جیهانیش لە سوودەکانی بەکارهێنانی یەک یان چەند زمانی نەتەوەیی و فەرمی دواون. دەستووری (۷۸) وڵات تاکە زمانێکیان وەک زمانی نەتەوەیی یان زمانی فەرمیی خۆیان ناو بردووە (اسپالسکی، ۱۳۹۱:۱۶)[۲۶] . شیفمەن لە پێناسەکردنی سیاسەتی زمانیدا، سیاسەتی بە شێوەیەکی گشتی بە ڕێگایەکی دیاریکراو زانیوە کە لەنێو چەند یان چەندین ڕێگای دیکەدا هەڵبژێردراوە و پێی وایە ئەم سیاسەتە دوو دیوی هەیە، دیوی ئاشکرا و دیوی شاراوە (ئەردەکانی،۱۳۸۸: ۱۰۳)[۲۷]. بەگوێرەی جۆراوجۆریی زمان لەنێو کۆمەڵ و چۆنیەتیی بەرەورووبوونەوەی ئەو کۆمەڵە لەگەڵ جۆراوجۆرییە زمانییەکان، سیاسەتی زمانیی جۆراوجۆر هەن. شیفمەن لە پۆلێنبەندییەکەی خۆیدا ئەم چەشن و جۆرانەی سیاسەتی زمانی ناو بردوون: ''پەرەپێدەرانە، مەیدانپێدان، یەکسانیخوازانە، سنووردارکردن، سنووردارbuونی ژینگەی بەکارهێنان، فەرمی، نافەرمی، شاراوە و ئاشکرا'' (قورەیشی و هاوکاران،۱۳۹۱:۱۲۷)[۲۸] بوارەکانی پلاندارێژیی زمانیش جۆراوجۆرن. ''قازی'' سێ بواری بۆ پلاندارێژیی زمان ناو بردوون: ''بواری چالاکییەکانی پلاندارێژیی زمان بە سەرنجدان بە کێشە و گرفتەکانی بەردەم زمانەکان، دابەش دەبنە سەر سێ بوار کە بریتین لە: ۱- پلاندارێژیی پێگە، ۲-پلاندارێژیی جەستە و ۳- پلاندارێژیی فێرکاریی زمان'' (قازی، ۲۰۲۰:۱۹)[۲۹].

جۆرێکی دیکەی پۆلێنکردنی بوار و جۆرەکانی پلانی زمانی هەیە کە لە جیاتی دابەشکردنیان بە سەر پلاندارێژیی جەستە، پلاندارێژیی پێگە و پلاندارێژیی فێرکاریی زمان، بە سەر پلانی پێگە و پلانی دەستەجەمعی دابەشیان دەکات. ''ناوخۆش'' لەبارەی ئەم دوو جۆرە پلانە وتوویەتی: ''پلانی پێگە، پرستیژی زمان یا زارێک لە کۆمەڵ دەردەخات، ئەم جۆرە پلانە لە هەڵبژاردنی بەراییی زمانێک دەکۆڵێتەوە. پرۆسەکە چەند ئەرکێکی هەیە وەک گۆڕینی ئەرکی زمانێک یان شێوە زمانێک، هەروەها دیاریکردنی مافی خەڵک لە بەکارهێنانی ئەو زمانە یان ئەو زارەدا. ئەم جۆرە پلانەی زمان، دوو سێ بیرۆکە دەورووژێنێت و مەبەست لە هەر یەکەیان دروستکردنی پایەی زمانە. پلانی دەستەجەمعی پەیوەستە بە (هەڵبژاردن) و کۆدکردنی بنەماکان لە نووسینی ڕێزمان و بە ستانداردکردنی ڕێنووسی زمان، ئەم جۆرە پلانە هەوڵ دەدات پەرە بە زارێکی زمان بدات یان زمانێک بە ستاندارد بکات'' (ناوخۆش، ۲۰۱۰:۲۸)[۳۰]. زۆرێک لەو لێکۆڵینەوانەی تایبەتن بە چییەتیی پلانی زمانی، ئاماژەیان بەوە داوە کە ''ڕوانگەی زمانی'' و ''وشیاریی زمانی''ی خەڵک، ڕۆڵێکی گرنگیان لە جێبەجێبوون

و سەرکەوتنی ئەو پلانەدا هەیە. ئەفخەمی وتوویەتی هەر جۆرە پلاندانانێکی زمان دەبێت بەگوێرەی ڕوانینەکانی خەڵک بێت. ناوبراو پشتبەستوو بە بۆچوونی "مەک نامارا" پێی وایە: ''یەکێک لە هۆکارە کاریگەرەکانی سەرکەوتوو نەبوونی پلاندانانێکی زمانی، بە جۆرێکی نادروست پێناسە و دەستنیشانکردنی ئامانجە درێژخایەن و کورتخایەنەکانە''( ئەفخەمی،١٣٨٤:١٢)[٣١]. ئەم گرنگیدان بە ڕوانگەی خەڵک لەم ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەموو یان بەشێکی زۆر لە ئامانجەکانی پلانە زمانییەکان پێوەندییان بەو خەڵکەوە هەیە کە زمانەکە بەکار دەهێنن. ئەگەر ئەوان پێشوازیی لێ نەکەن و هەڵوێستێکی دژیان هەبێت، بە جێگەی ئەوەی ببن بە فاکتەرێکی یارمەتیدەر، دەبن بە کۆسپ لەسەر ڕێگای جێبەجێبوونی، بەڵام ئەگەر ئامانجی پلانسازییەکە لە بازنەی هەستی نەتەوەیی و بیروباوەڕی نیشتماندۆستیی خۆیاندا ببینن، پێشوازی و پشتیوانیی لێ دەکەن، تەنانەت لە ڕووی دارایی و دابینکردنی پێداویستییەکانیشیەوە هاوکاریی دەکەن. ڕەزامەندی و ڕووی خۆش نیشاندانی ناوەندە ئەکادیمییەکان، زانکۆکان، پارتە سیاسییەکان، هەروەها ڕۆژنامە و میدیا شوێندانەرەکان لەم بارەیەوە گرنگە کە ئەو ناوەند و دامەزراوانە کاریگەرییان لەسەر پەروەردەی فکری، زانستی، ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی تاکەکان هەیە. ئەگەر ئەوانە پشتی پلانە زمانییەکە نەگرن و لەگەڵیدا نەبن، پلانەکە ڕووبەڕووی بەرهەڵست و کارشکێنی دەبێتەوە.

## ٣ سیاسەتی زمانی لە خزمەت ئامانجی سیاسی و ئایدۆلۆژیای زمانیدا:

بنەچەی چەمکی ئایدۆلۆژیا، وەک چەندین چەمکی دیکەی باو لە جیهانی هزر و فەلسەفە و ئەدەبیاتی سیاسیدا، بۆ یۆنان دەگەڕێتەوە. لەو چەمکانەیە کۆمەڵێک مانای جیاوازی وەرگرتووە. مەبەست لە ئایدۆلۆژیا کۆمەڵێک باوەڕ و بۆچوونی جێگرتوو لە پانتاییی کۆمەڵایەتی و سیاسیدایە کە تاک یا گرووپ دەکرێت هەیانبێت.

### ٣-١- ئایدۆلۆژیای زمانی:

هەندێک بیرمەند چەمکی ئایدۆلۆژیا بۆ سەدەی نۆزدە دەگەڕێننەوە. ئایدۆلۆژیا جار هەیە وەک چەمکێکی پۆزەتیف و جاریش هەیە بە ناحەز و نیگەتیف بەکار دێت. سمکۆ محەمەد لەبارەی پێشینە و جۆری بەکارهێنانی ئەم چەمکە لە ڕابردوودا نووسیویەتی: ''مارکس لەکاتی لاوێتیدا کە بەکاری هێناوە وەکو تیۆرێک و وەکو واتایەکی دزێو کە ڕەخنە لە ئایدۆلۆژیای ئاڵمانی دەگرێت و مەبەستیشی لە "کانت" و "هیگڵ" و "فیورباخ" و "فیختە" بووە. بەڵام "جۆرج لۆکاچ" و "تیری ئیگلتۆن" پێیان وایە ئایدۆلۆژیا چەمکێکی قووڵی فکری و دیالکتیکییە و "ئانتۆنیۆ گرامشی"یش بە هەمان شێوە بە چەمکێکی گرنگی تەماشا دەکات" (محەمەد، ٢٠٠٩:٢٦٩)[٣٢].

زمان و ئایدۆلۆژیا، پێوەندییەکی چڕ و چەند لایەنەیان هەیە. سیاسەتی وڵاتان و دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان لە بواری جیاوازدا، بەزۆری لەژێر کاریگەریی ئەو ئایدۆلۆژیانەدان کە سیستەمی سیاسی و بناغەی دەسەڵاتی ئەوانی لەسەر دامەزراوە. ئایدۆلۆژیا دەبێتە ڕێنوێن و ڕێنیشاندەری وڵاتان لە سیاسەتدانان و پلانداڕێژییان لە بواری جیاوازدا. بەتایبەتی

دامەزراوە پەروەردەیی و کولتوورییەکانی وڵات ناچار دەکرێن لە دانانی نەخشەڕێگا و ناوەڕۆکی بەرنامە و پلانەکانیاندا، بگەڕێنەوە سەر سەرچاوەی ئایدۆلۆژیای دەسەڵات و سیستەمی حوکمڕانی. سیاسەتی زمانیی وڵاتان یەک لەو گۆڕەپانانەیە کە ئایدۆلۆژیا، جڵەویان دەگرێت و ڕوانینی خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێت. لەلایەکی دیکەوە زمان مەیدانی ململانێی ئایدۆلۆژیاکان و وێککەوتنی بیر و باوەڕ و ڕوانینە جیاوازەکانە. ئایدۆلۆژیایش وەک سیاسەت و ئایین و کولتوور و زۆر چەمک و دیاردەی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی لە زماندا بوونی هەیە و بە ڕێگای زماندا بوونی خۆی دەسەلمێنێت. لەنێوان سیاسەتی زمانی، ئامانجەکان و پاڵنەرەکانی پلاندانانی زمانی و ئایدۆلۆژیا سیاسییەکاندا پێوەندییەکی بەهێز هەیە و زۆربەی کاتەکان لێکهەڵاواردنیان دژوارە. جگە لەو ئایدۆلۆژیا سیاسییانەی سەرخانی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی پێک دێنن و سێبەر دەخەنە سەر سیاسەت و پلاندارێژیی دامودەزگا و دامەزراوەکانیان، کۆمەڵێک ئایدۆلۆژیای زمانی هەن کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە سیاسەت و پلاندانانی زمانییەوە هەیە.

ئایدۆلۆژیای زمانی چییە؟ هەروا کە ئایدۆلۆژیای ئایینی، سیاسی، ڕەگەزی و هی دیکەمان هەیە، ئایدۆلۆژیای زمانیش هەیە و چەمکێکی ناسراو و جێگرتووە. قەمەری و حەسەنزادە لەسەر پێناسەی ئایدۆلۆژیا زمانییەکان، (پشتبەستوو بە شوهامی ٢٠٠٦) دەنووسن: ''ئایدۆلۆژیا زمانییەکان باوەڕی خەڵک بە زمانەکان پێشان دەدەن. ناتوانین ئەم بوارە بەڕوونی لە ئایدۆلۆژیا سیاسییەکانی دەوڵەت جیا بکەینەوە. بەگوێرەی ئەم جۆرە لە ئایدۆلۆژیاکان، زمانەکان لەگەڵ نەتەوەکان یەکسانن و بە نیشانە سەرەکییەکانی ناسنامەی نەتەوەیی دەژمێردرێن. ئایدۆلۆژیای زمانی دەپەرژێتە سەر ئەم پرسە کە زمان چۆن بەکار بهێنرێت و فێربوون و فێرکردنی زمانەکان بە چ شێوەیەک بێت''. هەر ئەو دوو لێکۆڵەرە لە زمانی سەرچاوەی پێشووەوە دەڵێن: ''ئایدۆلۆژیا زمانییەکان دەتوانن ببنە ئامرازی ئایدۆلۆژیا سیاسی و دینییەکان و ببن بە چەقی شەڕە سیاسییەکان'' (قەمەری و حەسەنزادە،١٣٨٩:١٦٥)[٣٣].

ئایدۆلۆژیای زمانی لقێکی لێکۆڵینەوەیی تا ڕادەیەک نوێیە. ئەم لقە لە هەناوی قوتابخانەی ئەتنۆگرافیی قسەکردن کە پێداگریی لەسەر چەمکە کولتوورییەکانی زمان دەکرد، لە دەیەکانی شێست و حەفتای زایینیدا سەری هەڵدا. ''لە دەیەی هەشتای زایینی، چەندین لێکۆڵەری سەر بەم قوتابخانەیە، لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بۆ پێوەندیی نێوان زمان و دەسەڵات و ئابووریی سیاسی تەرخان کرد. لەو سەردەمدا هۆگرییەکی ڕوو لەگەشە بۆ بەدواداچوونی ئەو پرسە هەبوو کە سیاسەت و کارلێکی کۆمەڵایەتی چۆن کار دەکەنە سەر تایبەتمەندییەکانی بنیاتی زمان''(Judith T. Irvine: ٢٠٢٠)[٣٢].

ئایدۆلۆژیای زمانیش وەک هەر ئایدۆلۆژیایەک تایبەت نییە بە تاکەکەسێک، واتە هیچ ئایدۆلۆژیایەک لە تاکەکەسێکدا قەتیس نامێنێت. ئایدۆلۆژیا سنووری تاک تێدەپەڕێنێت و دەبێتە باوەڕی کۆمەڵە مرۆڤێک. شێخولئیسلامی ئایدۆلۆژیا زمانییەکان بە دەستەیەک لەو بیروباوەڕانە دەزانێت کە هەم هاوبەشن و هەم باو ... مەبەستی ئەم زمانەوانە لە هاوبەشی و باو بوون ئەوەیە: ''هی تاکەکەس نین بەڵکو دەستەیەک لە خەڵک، چینێک

جا بالادەست، یان هی خوارەوە، یان گرووپێکی ئێتنیکی بەیەکەوە هەیانە. مەبەست لە "باو"بوونیشیان ئەوەیە کە برەویان هەیە و ئەم برەوپەیداکردنەیان زۆر گرنگە، بەو واتایە کە وەک باوەڕێکی ئاسایی و سروشتییان لێ هاتووە و ڕێگا نادەن بخرێنە ژێر پرسیارەوە" (شێخولئیسلامی، ٢٠٢٢: ٩٢-٩٣)[٣٥].

ئایدۆلۆژییە زمانییەکان چ سەبارەت بە پلە و پایەی زمان قسە بکەن بۆ وینە زمانێک فەرمی بێت یان نەبێت، چ سەبارەت بە پێکهاتەی زمانەکان قسە بکەن، گرنگیی تایبەتیان هەیە.

### ٣-٢- جۆرەکانی ئایدۆلۆژیای زمانی:

لە هەر کۆمەڵ و وڵاتێک جۆرێک لە ئایدۆلۆژیای زمانی پەسەندە و برەوی هەیە و دەوڵەت و دەسەڵاتی زاڵ لەو شوێنە، بەپێی باوەڕیان بە یەکێک لەو ئایدۆلۆژیایانە و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی درێژخایەنی خۆیان و پێکهاتەی ئێتنیکی و ڕەوشی زمان لە وڵاتەکەیان، ئایدۆلۆژیایەک دەکەن بە سەرچاوەی سیاسەت و پلاندانانی زمانی. قورەیشی و هاوکارانیشی بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەی کوباروبیاس (٦٣:١٩٨٣) هەر ئەم پۆلێنکردنەیان بۆ ئایدۆلۆژیا زمانییەکان هەیە. ئەوان ئایدۆلۆژیا زمانییەکانیان بەم جۆرە ناو بردووە: "١-یەکسانکردنی زمانەکان، ٢-فرەچەشنیی زمانی، ٣-گەڕانەوە بۆسەر زمانە خۆجێییەکان، ٤-هەڵبژاردنی زمانی نێودەوڵەتی" (قورەیشی، ١٢٨:١٣٩٧-١٢٧)[٣٦]. چەند ئایدۆلۆژیایەکی دیکەی زمانی هەن کە لە هێندێک لە لێکۆڵینەوەکاندا ئاماژەیان پێ کراوە، بە نموونە "ئایدۆلۆژیای پەسەندکردنی زارێکی نەتەوەیی، ئایدۆلۆژیای سیاسەتی دەستوورنەدان، سیاسەتی زمانیی جیهانگەرایی و سیاسەتی زمانیی کەرتی (سێکتەری). جۆرێکی دیکەی ئایدۆلۆژیا زمانییەکان ئەوانەن کە نیازی زیندووکردنەوەی ئەو زمانانەیان هەیە کە لەنێو چوون یان خەریکن لەنێو دەچن"(میرمکری، ٢٠٢١: ١١٢ -١١٤)[٣٧]. ئایدۆلۆژیا زمانییەکان بە گوێرەی کاکڵ و ناوەرۆکیان لەسەر سیاسەت و نەخشەڕێگای دەوڵەتان بۆ چارەسەری پرسی زمان کاریگەرییان هەیە. لەوانەیە کاکڵ و ناوەرۆکی ئایدۆلۆژیا زمانییەکە، "یەکێتیی زمانی" واتە "یەک وڵات و یەک زمان" بێت(وەک ئێران). لەبارێکی ئەوتۆدا، جۆراوجۆرییە زمانییەکان لە پێناوی ئامانجی ئایدۆلۆژیا ناوەندییەکەدا (سەردەستیی تاکەزمانێک) دەکرێنە قوربانی، بەڵام ئەگەر ئایدۆلۆژیای زمانیی دەوڵەت و دەسەڵاتی وڵاتەکە، لەسەر "فرەچەشنیی زمانی" واتە "یەک وڵات و چەند زمان" دامەزرا بێت، ئەوە ڕێگای بەفەرمیناسینی زمانەکانی دیکەی وڵات و لەنێویاندا زمانی کەمینە ئێتنیکییەکان لە جوگرافیای دیاریکراوی خۆیاندا دەدات.

## ٤ سیاسەتی زمانی لە بواری پەروەردەدا:

### ٤-١- پێگە و گرنگیی زمان لە پرۆسەی پەروەردەدا:

ڕۆڵی بەرچاوی زمان لە پرۆسەی پەروەردە و خوێندندا ڕووبەڕووی ئەم پرسیارەمان دەکاتەوە کە ئاخۆ زمانی پەروەردەش دەکەوێتە ڕیزی ئەو فاکتەرانەی ڕۆڵیان لە پێشڤەچوون و سەرکەوتنی پەروەردەدا هەیە؟ جێگە و پێگەی زمانی بەکارهاتوو لە پەروەردە و فێربووندا ڕاستەوخۆ لەژێر باندۆری ئایدۆلۆژیای سیاسیی وڵاتدایە. ئایدۆلۆژیای سیاسیی دەوڵەتیی وڵاتێک هەر چییەک بێت، ناوەند و دامەزراوەکانی دیکەی

سەربە دەوڵەت هەوڵیان ئەوە دەبێت ئەم ئایدۆلۆژییایە لە ڕێگای دامەزراوەکانیان بکەن بە بەشێک لە باوەڕ و بیرکردنەوەی خەڵک. سیستەمی پەروەردە و فێرکردن، ئەو شوێنەیە کە دەوڵەت بۆ جێگیرکردنی ئایدۆلۆژیا و باوەڕەکانی خۆی لەنێو تاکەکانی وڵاتدا بەکاریان دێنێت. پسپۆڕی بواری پەروەردە، مستەفازادە پێی وایە: ''وڵاتان و نەتەوەکانی جیهان بەگوێرەی جۆری بیرکردنەوە و ئەو قوتابخانە فەلسەفی و سیاسییەی بڕوایان پێیانە، ئامانجە پەروەردەیی‌یەکانی خۆیان پێناسە دەکەن، ئەمەش میتۆد و شێوازی جیاواز لە ئامانجە پەروەردەیی‌یەکانیدا لێ دەکەوێتەوە'' (مصطفی زادە،١٣٩٤: ١٣)[٣٨]. جیاوازییەکانی دنیابینیی پەروەردە و فێرکردنی ئێران لە هەر دوو سەردەمی شایەتی و کۆماری ئیسلامیدا نموونەیەکی دیارن بۆ ڕاستیی ئەم قسەیە کە هەر ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی، جۆرێکی جیاواز لە پەروەردە و فێرکردنی لێ دەکەوێتەوە. تەنانەت جیاوازیی نێوان ئایدۆلۆژیای سیاسیی ئەو دوو سەردەمە، لە جۆری هەڵسوکەوتی دەوڵەتانی ئەو دوو سەردەمە جیاوازە بەرانبەر دوو زمانی دیاریکراودا دەردەکەوێت. ڕژێمی شایەتی کە دۆست و هاوپەیمانی وڵاتانی ڕۆژاوا بوو و دژایەتییەکی لەگەڵ کولتووری ڕۆژاوایی نەبوو، بایەخێکی تایبەتی دەدا بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە سیستەمی پەروەردە و خوێندندا، بەڵام گرنگییەکی ئەوتۆی بە زمانی عەرەبی نەدەدا، کەچی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هۆی زاڵبوونی ئایدۆلۆژیای دینی بە سەریدا ئاستی زمانی عەرەبیی وەک زمانی قورئان و زمانی پێوەندی لەگەڵ بەردەنگە موسوڵمانەکانی تا ئاستی زمانی دووەم لە ئێراندا بەرز کردووەتەوە. چەندی بۆشی کراوە بایەخ و گرنگیی فێربوون و بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزیی کەم کردووەتەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە دیاریکراوی لەو وڵاتانەدا کە کوردستان بە سەریاندا دابەش کراوە، پەروەردە و فێرکردن و زمانی پەروەردە هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە خراونە خزمەت نەتەوەسازی و دروستکردنی دەوڵەت- نەتەوە. ناسیۆنالیستەکانی نەتەوەی سەردەست لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، یەکێتیی زمانیان کردووە بە گرنگترین پێویستییەکانی یەکێتیی مێژوویی و سەرزەوی. ئەم هەوڵە بە نوێکردنەوەی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن دەستی پێکرد. بە بۆچوونی لێکۆڵەر هەورامان فەریق، سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی مۆدێرن یەکێک لە ڕەگەزەکانی نەتەوەسازی و وەک پێویستییەکی دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرن بوو: ''دامەزراندنی کەرتی پەروەردە و فێرکردن و ناردنی منداڵان لە حەوت ساڵییەوە بۆ قوتابخانە، یەکێکە لە ڕەگەزەکانی دەوڵەت نەتەوەسازی، هەر ئەوەی کە ئەتاتورک لە تورکیا، ڕەزا شا لە ئێران، قەزافی لە لیبیا کردیان''(هەورامان فەریق،٢٠٢١:٦٢)[٣٩]. ئەم دەوڵەت-نەتەوانە بە پێڕەوی لەم قسەیەی میچێل بیلیگ کە ''مەرجی سەرەکیی سەپاندنی هەژموونی نەتەوەیی، زۆر جار سەپاندنی هەژموونی زمانە'' (سەرچاوەی پێشوو، لاپەرەی١١)، شانبەشانی بەکارهێنانی نێوەرۆکی سیستەمی پەروەردە بۆ زاڵکردنی هەژمۆنی خۆیان، زمانەکەی خۆشیان لە ڕێگای پەروەردە و فێرکردنەوە، بەسەر پێکهاتە نەتەوەیی و زمانییە جیاوازەکانی وڵاتدا زاڵ کرد. لە ئێران ئەوە هەر دەسەڵاتداران نەبوون کە بەم جۆرە قۆڵیان لە نەتەوەسازی و جێگیرکردنی دەوڵەت نەتەوە هەڵماڵی، بەڵکو ڕووناکبیرانی فارسیش لەگەڵیاندا بوون. ''سلێمانی'' و ''محەمەدپوور'' بڕوایان وایە: ''هەرلە کۆتایی‌یەکانی سەدەی (١٩)ەوە، کە ناسیۆنالیزمی فارس

سەرەڕای چەندکولتووری و چەندزمانەبوونی دانیشتووانی ئێران خۆی کرد بە ئایدۆلۆژیای دەوڵەت، ڕووناکبیرانی فارس بە ڕیزکردن و خستنەڕووی کۆمەڵێک بەڵگەنامەی مێژوویی و کولتووری، وایانکرد زمانی فارسی وەک ناسنامەیەکی ئەزەلی و گشتگیر کە هەموو ئێرانییەکانی گرتووەتەوە، بناسێنن"(سلێمانی و محەمەدپوور،۲۰۱۹:۱۳۶)[۴۰].

لێکۆڵەر ئەتابەکی، پێی وایە دەسەڵاتداران و ڕووناکبیرانی نەتەوەی سەردەست باوەڕیان وابووە کە تەنیا دەوڵەتێکی بەهێز لە ناوەند دەتوانێت یەکپارچەییی وڵات بپارێزێت و ڕەوتی چاکسازی بەرەوپێشەوە ببات: "بڕوایان وابوو کە نوێکردنەوە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ لە ئێران، پێویستی بە کەمڕەنگکردنەوەی جیاوازییە کولتوورییەکان و یەکسانکردنی ئێتنیکی هەیە...." (تورەج ئەتابەکی،۲۰۱۳)[۴۱]. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، ئەمانە پێشمەرجەکانی وەدیهاتنی دەوڵەت- نەتەوە بوون و ئەگەر پێی بگەن دەتوانن یەکپارچەییی وڵات بپارێزن و جێپێیەک بۆ نیشتمانی خۆیان لە جیهاندا بدۆزنەوە، ئەمەش یانی ئەو کاتەی نزیک بە تەواوی دانیشتووانی وڵات لە ڕووی بیرکردنەوە وەکو یەک خۆیان سەر بە یەک نەتەوە بزانن.

دەوڵەت- نەتەوەی ئێران، لە ڕێگای پەروەردە و فێرکردنەوە زمانی فارسیی کردووە بە زمانی بەئێرانیکردنی دانیشتووانی وڵات؛ زمانی فارسیی کردووە بە زنجیرێک بۆ لێکبەستنەوەی هەموو دانیشتووانی نێو جوگرافیای پانوبەرینی ئێران. لە ئێران جۆرێک بیرکردنەوە لەنێو بیرمەندان و ڕووناکبیرانی سەر بە نەتەوەی سەردەستدا دەبینرێت کە پێی وایە زمانی فارسی و ئێرانیبوون هاوتای یەکن. شاهرۆخ مەسکوب لە کتێبی "هویت ایرانی و زبان فارسی"دا هەوڵ دەدات بیسەلمێنێت کە "ئێرانییەکان، ئێرانێتیی خۆیان بە یارمەتیی زمانی فارسی ڕاگرتووە و سەرەڕای بەربڵاویی سیاسی لە یەکە جوگرافییە جۆراوجۆرەکاندا، پێکەوەگرێدراویی مێژووی نەتەوەییی خۆیان پاراستووە و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکەیان هێناوە" (رجبی و احمدوند،۱۳۹۹:۵۸)[۴۲]. تەرخانکردنی ئەم جێگە و پێگەیە بۆ زمانی فارسی لە بواری پەروەردە و بوارە گرنگەکانی دیکەدا، هەر تایبەت بە سەردەمی شایەتیی پەهلەوی نییە و لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشدا ئەم سیاسەتە درێژەی پێ دراوە. زمانی فارسی بەهۆی جێگە و پێگەیەک کە لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی ئێراندا هەیەتی، دەرەتانێکی بێوێنەی بۆ پەرەگرتن و دەوڵەمەندبوون لە هەر ڕوویەکەوە بۆ ڕەخساوە و بەردەوام خزمەتی دەکرێت. هاوکات بووە بە زمانی پێناسەکردن و ناساندن و جێگیرکردن و خۆبەرهەمهێنانەوەی ناسیۆنالیزم و ئایدۆلۆژیا و ناسنامەیەکی تایبەت کە خۆی بە"ناسنامەی نەتەوەیی" ناودێر کردووە؛ ناسنامەیەک کە لەژێر ناوی "نەتەوەیی" بووندا، سەرجەم پێکهاتە ئێتنیکی و زمانییە نافارسییەکانی ئێرانی خستووەتە پەراوێز و جێگە و پێگەی شیاوی خۆیان پێ ڕەوا نابینێت.

### ۴-۲- دیاردەکانی تاکزمانی و فرەزمانی لە پەروەردەدا:

چەمکەکانی تاکزمانی، جووتزمانی و فرەزمانی کە بەتایبەتی لە بواری پەروەردەدا ڕووبەڕوویان دەبینەوە، نیشاندەری پێکهاتەی کۆمەڵ و وڵاتی جیاواز لە ڕووی جۆراوجۆریی زمانی و

هەروەها توانای تاکەکان لە بەکارهێنانی ڕادەی زمانەکاندان. ئەم تایبەتمەندییەی وڵاتانی فرەنەتەوە و فرەزمان لەسەر پرسی زمانی پەروەردە کاریگەریی زۆری هەیە کە لە درێژەدا ئاماژەیان پێ دەکرێت. "پەیوەندی"، کۆمەڵناس و لێکۆڵەری ئێرانی پێی وایە: "وڵاتانی جیهان لەسەریەک لانیکەم دوو ڕێبازی گرنگیان لە هەڵبژاردنی زمانی پەروەردەدا گرتووەتە بەر. ڕێبازی یەکەم: پەروەردە بە زمانی دایک کە لەم ڕێبازەدا منداڵان هەر لە سەرەتاوە بە زمانی دایک وانە جۆراوجۆرەکان لە قوتابخانە دەخوێنن. زمانی نەتەوەیی یان سەرانسەری لەپاڵ زمانی دایک دەخوێندرێت و پەروەردە و فێرکردن بەرەبەرە دەبێتە جووتزمانی. لە دواساڵەکانی قۆناغی ناوەندیدا قورسایی زیاتر لە بەرنامەی خوێندندا دەدرێت بە زمانی سەرانسەری. ڕێبازی دووەم: خوێندنی زمانی دایکە (پێوەندی، ٢٠٢٠)[٤٣]. لە ڕێبازی دووەمدا زمانی نەتەوەیی یان زمانی سەرانسەری، زمانی سەرەکیی پەروەردە و خوێندن دەبێت و قوتابییان لەپاڵ زمانی فەرمی فێری زمانی دایکیان دەبن، واتە بە زمانی دایک ناخوێنن بەڵکو فێری خوێندنەوەی زمانی دایک و نووسین بە زمانی دایک دەبن و بە ڕێنووس و ڕێزمان و ئەدەبیاتی زمانی دایکیان ئاشنا دەکرێن. لەم ڕێبازەدا بابەتە دەرسییە جۆراوجۆرەکان بە زمانی فەرمی یا سەرانسەری دەخوێندرێن. ڕێباز یان مۆدێلی پەروەردەی ئەوتۆش هەن کە زیاتر لە یەک یان دوو زمان لە پەروەردەدا سوودیان لێ وەردەگیرێت. ئەم مۆدێلە بە "پەروەردەی چەندزمانی" یان "پەروەردەی فرەزمانی" بەناوبانگە.

### ٤-٣- تاکزمانی لە پەروەردەدا:

بە شێوەیەکی سەرەکی دوو مۆدێلی تاکزمانی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە: مۆدێلی یەکەم، ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە دانیشتووانیان تەنیا لە یەک نەتەوە پێک هاتوون و تەنیا بە یەک زمان قسە دەکەن (کە نموونەی ئەوتۆ لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە دەگمەن دەست دەکەوێت)، لەم مۆدێلەدا پەروەردە و خوێندن بە یەک زمانە کە زمانی هەموو دانیشتووانی وڵاتەکەیە و شتێکی ئاساییە. باشیی ئەم مۆدێلە لەوەدایە کە فێرخوازان بە زمانی دایک کە هەمان زمانی نەتەوەیییانە، دەخوێنن. لێکۆڵەری کورد ئاشتی ئەحمەد حەسەن لەبارەی ئەم مۆدێلە لە پەروەردەی تاکزمانی وتوویەتی: "لەو جۆرە پەروەردەیەدا، تەنها بە زمانی دایک دەخوێنن، یان بە شێوەیەکی سەرەکی بە زمانی دایک دەخوێنن، ئەم شێوازە پەسەندە و لە هیچ سەرچاوەیەکدا بە شێوەیەکی نەرێنی باس نەکراوە، بۆ نموونە پەروەردەکردنی منداڵێکی کورد بە زمانی کوردی یان پەروەردەکردنی منداڵێکی ئینگلیز بە زمانی ئینگلیزی. بە پێچەوانە هەموو سەرچاوەکان باس لە گرنگیی خوێندن بە زمانی دایک بەتایبەتی لە پۆلەکانی سەرەتای خوێندن دەکەن"(حەسەن،٢٠٢٢:١٠٠)[٤٤]. دیارە وڵاتان بە هۆکاری جۆراوجۆر بۆ وێنە پێویستیی زانستیی سیستەمی پەروەردە و خوێندنی باڵا، یان پێویستیی پێوەندییە سیاسی و بازرگانییەکانی وڵات بە زمانێکی نێودەوڵەتی، هەروەها بە هۆکاری ئایینی بەتایبەتی لە وڵاتانی موسوڵمان، هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندن یا لە قۆناغەکانی دواتردا، فێربوونی زمانێک یا چەند زمانی بیانی دێننە ڕیزی بەرنامە دەرسییەکانیان، بەڵام سەرەڕای ئەمەش، زمانی فەرمی و سەرەکیی پەروەردە و فێرکردن لەم مۆدێلەدا، زمانی گشتی

و نەتەوەیی ئەو وڵاتانەیە. منداڵێکیش کە لەم مۆدێلەدا دەخوێنێت، هەتا ئەو کاتەی بە زمانی خۆی دەخوێنێت و فێری زمانێکی دیکە نەبووە، بە "یەکزمانە" دەژمێردرێت. مۆدێلی دووەم، ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە دانیشتووانیان لە نەتەوە و زمانی جیاواز و جۆراوجۆر پێک هاتوون، بەڵام زمانە جۆراوجۆرەکانی دانیشتووانی وڵات، جێگەیەکیان لە خوێندن و پەروەردەدا نییە. بە هۆکاری سیاسی و ئایدۆلۆژیا و لەژێر ناوی پێکهێنان و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی وەکیەک و یەکگرتوویی نیشتمانی و یەکپارچەیی وڵاتدا، تەنیا یەک زمان لە بواری پەروەردەدا فەرمییەتی هەیە و پێی دەخوێندرێت، ئەویش زمانی گەورەترین پێکهاتەی ئێتنیکیی وڵاتەکە یان نەتەوەی سەردەستە. بەم جۆرە منداڵانی سەر بە ئێتنیکەکانی دیکە و کەمینە زمانییەکان لە خوێندن بە زمانی دایک بێبەشن.
ئەو منداڵانە بەو هۆیەوە کە زمانی قسەکردن لەنێو بنەماڵەیان لە زمانی خوێندن لە قوتابخانە جیاوازە، هەر لە سەرەتای خوێندنەوە، ڕووبەڕووی ئەزموونی جووتزمانی دەبنەوە. "لەم قوتابخانانەدا سیستەمی پەروەردەی تاکزمانییە، یان زمانی بیانییە و ڕێگا نادرێت بە زمانی دایک بخوێندرێت. ئەم شێوازە لە پەروەردە بە پەروەردەی تاکزمانی ناسراوە، بەپێی زۆر لە سەرچاوەکان شێوازێکی ناپەسەندە و چەندین لێکەوتەی خراپی هەیە"(حەسەن،٢٠٢٢:١٠٠)[٤٥].
بێبەشیی فێرخوازان لە خوێندن بە زمانی دایک، لە ڕووی دەروونی و پەروەردەیی و فێربوونەوە بە گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوانەی هەتا ئێستا کراون، کاریگەریی نەرێنییان لەسەر منداڵانی جووتزمانی هەیە. شیلان عومەر حوسێن گرفتە دەروونییەکانی ئەو منداڵانەی زمانی خوێندنیان لە زمانی قسەکردن لە ماڵەوە جیاوازە، بەم جۆرە ناو بردوون: " لە ناخیاندا و لە ڕووی دەروونییەوە لە ناو کۆمەڵەکەیاندا جۆرێک لە نامۆیی و ناوازەیی و شازبوونیان تیا دەردەکەوێت؛ ئاستی تێگەیشتن و بیرورووژاندنی خوێندکار بۆ ئەوانەی کە بە زمانی دایکیان ناخوێنن، سفرە". بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی ناوبراو: ترسناکیی پەراوێزخستنی زمانی دایک بۆ تاک هەر لەوەدا نییە کە داخوراندنی زمانەوانی و سستبوونی فەرهەنگی و... هتدی لێ دەکەوێتەوە، لە هەموو ئەمانە مەترسیدار ئەوەیە کە ڕێگە و شێواز و چۆنێتیی بیر و بیرکردنەوەی دەگۆڕێت، ڕەنگدانەوەی ئەمەش لە هەموو بوارەکانیدا دەبێت" (حوسێن،٢٠١٦:٦٩)[٤٦]. سکۆتناب کانگاس کاریگەریی پەروەردەی تاکزمانی لەم جۆرە وڵاتانەدا، پەروەردەیەک کە بریتییە لە بێبەشیی منداڵ لە خوێندن بە زمانی دایک، ئەوەندە بە گەورە و زیانبار دەبینێت کە بە ژێنوسایدی ئێتنیکی ناوی دەبات (کلان،٢٠١٨: ٥٠)[٤٧]. ئەو زمانانە کە ڕێگای بەشداری لە پەروەردە و فێرکردنیاندا پێ نادرێت، ڕێگای بووژانەوە و گەشەکردن و پێشکەوتنیان لێ دەگیرێت و ڕووبەڕووی پەراوێزخران و دابەزینی پێگەیان لەنێو ئاخێوەرانیان دەبنەوە. جگە لەمەش ئەم ستەم و هەڵاواردنە زمانییە وەک بە کردەوەش لە زۆر شوێنی جیهان دەیبینین بووە بە سەرچاوەی کێشە و ئاڵۆزیی سیاسی.

### ۴-۴- جووتزمانی لە پەروەردەدا:

مەبەست لە جووتزمانی لە سیستەمی پەروەردەدا، پەروەردەیەکە کە لەپاڵ زمانی فەرمیی وڵات، زمانێکی دیکەش لە هەموو یان چەند قۆناغی پەروەردەدا پێی دەخوێندرێت. وای دانێین منداڵێکی فارسیزمان کە هاوکات زمانی دایک و

زمانی فەرمیی وڵاتەکەی یەکن، لەپاڵ زمانی فارسی بە زمانێکی دیکە بۆ وێنە زمانی ئینگلیزی، دەخوێنێت. لەم بارەدا ئینگلیزییەکە، بە زمانی دووەمی دادەنرێت. لە هەرحاڵدا زمانی دایک زمانی یەکەمی مرۆڤە، ئەگەر لە قوتابخانە بە زمانێکی دیکە جگە لە زمانی دایک خوێندی، زمانی خوێندنەکە پێی دەگوترێت زمانی دووەم. لێکۆڵەر ئاشتی ئەحمەد حەسەن ئاماژەی بەو ڕاستییە کردووە کە بەهۆی زۆریی جۆرەکانی جووتزمانی، زمانەوانان لەسەر پێناسەیەکی گشتگیر بۆ پەروەردەی جووتزمانی هاوڕا نین. ئەو لێکۆڵەرە بۆخۆی جووتزمانی بەم جۆرە پێناسە کردووە: ''پەروەردەی جووتزمانی: بریتییە لە پەروەردەکردنی قوتابی بە دوو سیستەمی زمانی جیاواز لە سیستەمی پەروەردەدا، یەکەمیان زمانی دایکە، دووەمیان زمانێکی دیکەیە کە قوتابی پێ ئاشنا نەبێت، واتە پەروەردەی جووتزمانی بە سیستەمێکی پەروەردەیی پێناسە دەکرێت کە تێیدا زانیاری بە دووزمان پێشکەش بە قوتابییان دەکرێت''(حەسەن،٢٠٢٢:١٠١)[٤٨].

لێرەدا گرنگە جیاوازیی نێوان "پەروەردەی جووتزمانی" و "منداڵی جووتزمان" بکەین. پەروەردەی جووتزمانی، بەو سیستەمە لە پەروەردە دەگوترێت کە لە دوو زمان بۆ فێرکردن و خوێندن سوود وەردەگرێت، بەڵام منداڵی جووتزمان بە منداڵێک دەگوترێت کە زمانی ماڵەوە و زمانی خوێندنی جیاوازن. جووتزمانبوونی منداڵ ئەو واتایە ناگەیەنێت کە لە قوتابخانە بە دووزمان دەخوێنێت. بۆ نموونە لە ئێران هەموو منداڵە قوتابییە نافارسەکان کە سەر بە ئێتنیک و زمانی جیاوازن، سەرجەمیان دوو زمانەن. ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە قوتابخانە تەنیا بە یەک زمان دەخوێنن کە ئەویش زمانی فارسییە. کەواتە بۆیە پێیان دەگوترێت جووتزمان، چونکە زمانی قسەکردن لەنێو بنەماڵە و زمانی خوێندنیان جیاوازە. بۆ ئەم جۆرە قوتابییانە ''لە ڕاستیدا زمانی باڵادەست، هەرەشەیەکە بۆسەر زمانی زگماکیی ئەوان و لە کۆتاییدا دەبێتەوە جێگرەوەی زمانی دایکیان'' (ڕحمت زهی و شجاعی فر، ٢٠١٨)[٤٩]. بە گوێرەی ئەو بەرنامەیە منداڵان ئەرکدار دەکرێن بابەتە دەرسییەکان و ناوەرۆکیان بە زمانی سەردەست فێر بن. لەم ڕوویەوە دەتوانین بڵێین کە بە سەرنجدان بە پێوەرەکانی خوێندنی دوو زمانە، ئەم شێوەیە لە خوێندنی جووتزمانیدا جێگایەکی نییە؛ چونکە بابەتەکانی خوێندن تەنیا بە زمانی دووەم یان زمانی سەردەست دەخوێندرێن.

### ٤-٥- پەروەردەی فرەزمانی:

زۆربەی وڵاتانی جیهان لە سەردەمی ئێستادا بە وڵاتانی چەندزمانە دەژمێردرێن. کەمتر وڵاتێک لە ڕۆژگاری ئێستادا هەیە کە دانیشتووانی تەنیا بە زمانێک بدوێن. ئەلیاسی، لێکۆڵەری ئێرانی پشتبەستوو بە بۆچوونی "لی وی" زمانەوانی چینی- بریتانیایی(٢٠٠٠) نووسیویەتی: ''بە شێوەیەکی ئاسایی سێ یەکی خەڵکی جیهان واتە لە هەر سێ کەس کەسێک بە هۆی پێداویستیی پیشەیی و بنەماڵەیی، لە کاتی ئاساییدا دوو زمان یان زیاتر بۆ قسەکردن بەکار دێنن (زەنگەنە و هاوکارانی، ١٣٩٩:٧٨)[٥٠]. ئەگەرچی زۆربەی وڵاتانی جیهان بە شێوەی فەرمی بە وڵاتی تاکزمانی دەژمێردرێن، ''لە زیاتر لە (٢٠) وڵاتی جیهاندا زیاتر لە زمانێک هەیە، لە وڵاتی هیندوستان زیاتر لە ١٩زمانی فەرمی و لە ئەفریقا (١١) زمانی فەرمی هەیە'' (سەرچاوەی

پێشوو،٧٧). جۆراوجۆری و فرەیی زمانی و کولتووری یەک لە تایبەتمەندییەکانی زۆر لە وڵاتانی ئەمڕۆی جیهانە. زۆر لەو وڵاتانە هەوڵیان داوە بە گرتنەپێشی جۆرێک دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و کولتووری، یارمەتیدەری گەشە و پێشکەوتنی سەرجەم کەلتوورەکانی نێو وڵاتەکەیان بن. بە گوتەی داغچی: '' فرەیی زمانی و کولتوورییان کردووە بە دەرفەتێک بۆ پێکهێنانی هاوسەنگی و پێشکەوتنی وڵات و گەشەی گەشتوگوزار و... هتد. ئەو وڵاتانە تێکۆشاون بە دیاریکردن و بەڕێوەبردنی سیاسەتی دروست و زانستی، بەستێنێکی لەبار بۆ پێشکەوتنی هەموو ئێتنیکەکان و نەتەوەکانی نێو وڵاتەکەیان پێک بێنن'' (داغچی،٢٠١٢:٨)[٥١]. لە ساڵانی ڕابردوودا ئوسترالیا، زولاندی نوێ، ئیسپانیا، وڵاتانی سکاندیناوی و...هتد، فرەزمانییان وەک سیاسەتی فەرمیی خۆیان ناساندووە و بە چاوی سامانی وڵاتی خۆیان لە فرەزمانییان ڕوانیوە (اومود،٢٠١٦:٦١)[٥٢].

پرسێکی گرنگ لە پێوەندی لەگەڵ بوونی فرەزمانی لە هەر کۆمەڵ و وڵاتێکدا، ڕادە و چۆنیەتیی مەیداندان بەو زمانانە لە پەروەردەدایە. پەروەردەی وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەزمان ئەو کاتە دەتوانێت پەروەردەیەکی سروشتی و دادپەروەرانە بێت کە پەروەردەیەکی فرەزمانی بێت، بەو واتایە کە سیستەمی پەروەردەش ڕەنگدانەوەی جۆراوجۆریی زمانی و نەتەوەیی ئەو کۆمەڵ و وڵاتە بێت. پەروەردەی فرەزمانی بریتییە لە پەروەردەکردنی قوتابی بە چەند زمانێک، واتە قوتابی بە زیاد لە زمانێک پەروەردە دەکرێت. "ئاشتی ئەحمەد حەسەن" لە ڕوونکردنەوەی ئەم پێناسەیەدا وتوویەتی فرەزمانی ئەوەیە: '' سیستەمی وڵاتێک فرەزمانی بێت و قوتابییان ئازاد بن بە کام زمان پێیان باش بێت بخوێنن، هەروەها دەکرێت بە واتایەکی تریش بێت، ئەویش ئەوەیە قوتابی لە یەک کاتدا بە زیاد لە دوو زمان پەروەردە بکرێت، واتە پەروەردەی فرەزمان پێواژۆیەکی پەروەردەیییە کە جگە لە زمانی دایک زیاتر لە زمانێکی بیانی فێر دەکات و یەکێک لە زمانە بیانییەکان دەکاتە زمانی فێرکردن بۆ بابەتەکانی تر''(حەسەن،٢٠٢٢:١٠٣)[٥٣].

خاڵی جەوهەری لە پەروەردەی فرەزمانیدا ئەوەیە کە بناغەکەی لەسەر پەروەردە بە زمانی دایک دامەزرا بێت. تۆڤە سکۆتناب کانگاس کە ئەزموونێکی دوور و درێژ و دەوڵەمەندی لە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە پەروەردەی چەندزمانی لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهاندا هەیە، گرنگییەکی تایبەتی داوە بە پێشخستنی زمانی دایک لە پەروەردەی فرەزمانیدا. لە ڕوانگەی سکۆتناب کانگاس، پەروەردەیەکی چەند زمانیی دامەزراو لەسەر بناغەی زمانی دایک کاتێک دەتوانێت ئەنجامێکی باشی لێ بکەوێتەوە کە: ''زمانی دایک بۆ ماوەی چەندین ساڵ( ئەگەر بگونجێت بۆ ماوەی ٨ ساڵ) وەک زمانی سەرەکیی پەروەردە بەکار بهێنرێت، فێربوونی زمانێکی فەرمیش هەر لە سەرەتاوە یا لانیکەم لە پۆلەکانی سێیەم، چوارەم و پێنجەمی سەرەتاییەوە وەکو وانەیەکی خوێندن لە پاڵیدا دەست پێبکرێت. هەر بەم جۆرە زمانێکی بیانیش هەر لە سەرەتاوە وەک وانەیەکی خوێندن هەبێت''(کلان، ٢٠١٨:٧٩)[٥٤]. ئەنجامێک کە لە خوێندنەوەی سەرچاوەکانی پێوەندیدار بە فرەزمانی دەستمان دەکەوێت ئەوەیە کە فرەزمانی، دیاردەیەکی سروشتیی کۆمەڵە مرۆییەکانی سەردەمی ئێستایە، هەر بۆیە ئەگەر ئەم فرەزمانییە لە پەروەردەدا ڕەنگدانەوەی نەبێت، ناسروشتییە. دیارە

پەروەردەی فرەزمانـــی مۆدێلی جۆراوجۆری هەیــە، بــەڵام مۆدێلێــک دەتوانێـــت وەڵامدەری ویســـتی نەتەوە بندەســـتەکانی ئێـــران، بەتایبەتی دانیشـــتووانی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان بێــت کــە زمانـــی دایک بکات بــە زمانی ســـەرەکیی پـــەروەردە.

## ٥ زمـــان و پەروەردە لە پرۆســـەی نـــەتـــەوەسازی و دەوڵـــەتسازیدا:

زمان و پەروەردە دەکەونە کوێی پرۆســـەی دەوڵەتســـازی و نەتەوەســـازییەوە؟ ئـــەم پرســـیارە دەکرێت بە گوێـــرەی جیاوازیی دۆخی سیاســـیی دوو جۆر نەتەوە، وەڵامی بدەینەوە. جـــۆری یەکـــەم، نەتەوەیەکی سیاســـی کە نەتەوەیەکی یەکدەست نییە و لە پێکهاتـــەی ئێتنیکیی جیـــاواز پێک هاتـــووە و لە چوارچێوەیەکـــی جوگرافی-سیاســـیی دیاریکراو و دانپێدانراودا دەژێت و خاوەنـــی دەوڵەتی تایبـــەت بە خۆیەتی، بۆ نموونـــە وڵاتی ئێران یا ئـــەو وڵاتانەی لـــە دوای هەڵوەشـــانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوســـمانی و کۆتاییهاتنی کۆلۆنیالیزم، هاتنە ســـەر نەخشەی سیاســـیی جیهان. جۆری دووەم، نەتەوەیەکی بندەســـت کە لە مافی دیاریکردنـــی چارەنووس بەدەســـتی خۆی بێبەشـــە، خۆی و نیشـــتمانەکەی بە سەر چەنـــد وڵات و دەوڵەتدا دابـــەش کراون و بۆ ڕزگاری لە بندەســـتی و بەدەستهێنانی مافـــە نەتەوەییەکانـــی خـــۆی لـــە خەباتدایـــە، بـــۆ نموونە نەتـــەوەی کورد.

### ٥-١-زمـــان و پەروەردە لـــەلای دەوڵەت-نەتەوەکان:

ئـــەو دەوڵەتانـــەی دەکەونە ئـــەم گرووپە، جیـــاوازن. ژمارەیەکیان خاوەن پێشـــینەی مێژوویین و تێیدا بۆ ماوەی ســـەدان ساڵ، چەند یا چەندیـــن پێکهاتـــەی ئێتنیکیی جیاواز لـــە چوارچێـــوەی ئیمپراتۆرییەک یـــا وڵاتێکی گـــەورەدا لەتەنیشـــت یەکتر ژیاون. وڵاتـــی ئێران خـــۆی نموونەی ئەم جـــۆرە وڵاتانەیە. وڵاتانێکیـــش هەن کە لە سەدەی بیســـتەم، لە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپەراتۆرییەتـــی عوســـمانی، یـــا دوای کۆتاییهاتنـــی داگیـــرکاری و ئیســـتیعمار دروســـت بوون و هاتنە ســـەر نەخشـــەی سیاســـیی جیهان. ''تورکیا، سوریا، عێراق، لوبنـــان، ئۆردۆن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســـت، بەدوای لێکهەڵوەشـــانەوەی ئیمپەراتۆرییەتی عوسمانی و لە ســـەرەتای سەدەی بیستەمدا هاتنـــە ڕیـــزی وڵاتانـــی ســـەربەخۆ. لە ئەفریقاش جەزائیر، تونـــس، تانزانیا، کۆنگۆ، جیبۆتـــی، گابـــۆن، نایجریـــا، موزامبیک، ئانگـــۆلا و چەند وڵاتێکی دیکـــە؛ هەروەها لە ئاســـیا دەتوانین هیندوســـتان، فیلیپین، بێرما(میانمـــار)، مالیزیـــا، ئەندونێزیـــا ناو بەرین کە زۆربەشـــیان لە نێوەڕاســـتەکانی سەدەی ڕابردوودا ســـەربەخۆییان بەدەست هێنا" ( تاریخ عمومـــی، ١٣٦٧: ٨٣-٨٥)[٥٥].

چۆنیەتیـــی بەکارهێنانی زمـــان و پەروەردە لـــەم وڵاتانە، ســـێ جـــۆری جیـــاواز لە سیاســـەتی لەپشـــت بووە، کە بریتین لە:

١-هەڵبژاردنی زمانی ئـــەو دەوڵەت و وڵاتە کۆلۆنیالیســـتەی ســـەرزەوییەکەی ئەوانی کردبـــووە کۆلۆنیـــی خۆی بە مەبەســـتی جیـــاواز (ویلیمـــا،٢٠٢١)[٥٦]. بەکارهێنانی سیســـتەمی پـــەروەردە بـــۆ جێگیرکردن و ڕاپیکردنـــی ئـــەو ئامانجـــە سیاســـی و کولتوورییانەی لەپشـــت ئەو بڕیارە هەبوون؛

٢-زاڵکردنـــی زمانی نەتەوەی باڵادەســـتی وڵات بەســـەر زمانـــی کەمینـــە نەتەوەیی و زمانییـــەکان و بەکارهێنانی سیســـتەمی پـــەروەردەی وڵات بـــۆ وەک یەک لێکردنی دانیشـــتووانی وڵات لـــە ڕووی زمـــان و کولتـــوور و ناســـنامەی نەتەوەییـــەوە؛

٣- دانانـان بـە جۆراوجۆریـی زمانـەکان و بـە فەرمـی ناسـینیان و بنیاتنانـی پـەروەردە و

فێرکردنی چەندزمانە، هەروەها بەکارهێنانی سیستەمی پەروەردە بۆ جێگیرکردن و پەرەپێدانی کولتووری پێکەوەژیان بە هەموو جۆراوجۆرییەکانەوە لە چوارچێوەی وڵاتێکدا. هەرچی جیاوازیی ئێتنیکی و ئایینی لە وڵاتێک زیاتر بێت، نەتەوەسازی لەو وڵاتە دژوارتر و چارەسەرکردنی پرسی زمانی ئاڵۆزتر دەبێت. ویممەر، ڕووسیای ڕۆمانۆڤ بۆ ئەم لایەنە بە نموونە دێنێتەوە کە زۆربەی کەمینە زمانییەکان دینی جیاواز لە زۆرینەی ئۆرتۆدۆکسی ڕووسی زمانیان هەبوو، بەڵام لە وڵاتی وەک سویسرا نەتەوەسازی ئاسانتر بوو، چونکە جیاوازییەکە هەر لایەنی زمانی هەبوو نەک ئایینی" (ویممەر،٢٠١٩)[٥٧]. ئەم دژوارییە چەندقات زیاتر دەبێت ئەگەر دەوڵەتی وڵاتێک لەجیاتی داننان بە جۆراوجۆرییە ئێتنیکییەکان و بەفەرمی ناسینیان و پەسەندکردنی مافە زمانییەکانیان، ڕێگای حاشالێکردن و پەراوێزخستنیان بگرێتە بەر. لە ڕواڵەتدا لەم جۆرە وڵاتە ئاڵۆزییەکە کەمتر دەبێتەوە، چونکە بە پێویست نازانرێت یاسای تایبەت و هێزی مرۆیی و سەرمایەی ماددی و میکانیزم و ڕێوشوێنی ئاڵۆز بۆ دابینکردن و ڕاییکردنی ماف و بەرپرسیارەتییە زمانییەکان تەرخان بکەن، بەڵام ئەزموونی وڵاتانی لەم چەشنە سەلماندوویانە کە جگە لەوەی زمانە بندەستەکان لە ماوەیەکی درێژخایەندا لەم سۆنگەیەوە زیانی جۆراوجۆریان پێگەیشتووە، ئاسایش و یەکپارچەیی ئەو وڵاتانە و یەکێتی و هاوپێوەندیی خەڵکەکەشیان ڕووبەڕووی کێشەی جیددیی نێوخۆیی بوونەوەتەوە.

### ٥-٢-بەکارهێنانی زمان و پەروەردە لەلایەن نەتەوە بێدەوڵەتەکانەوە:

نەتەوەی کورد کە نیشتمانەکەی بەسەر چوار دەوڵەت- نەتەوەدا دابەش کراوە، کاتێک دەتوانێت پرۆسەی دەوڵەتسازی بگرێتە بەر و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دروست بکات کە هەموو بەشەکانی نیشتمانەکەی یا لانیکەم یەکێک لە بەشەکانی لە داگیرکراوی ڕزگار کردبێت. پرۆسەی دەوڵەتسازی لەسەر خاکێکی دیاریکراو و بەهۆی دەوڵەتێکی دانپێدانراو و لەنێو خەڵکێک کە کەوتوونە چوارچێوەی سنوورەکانی ئەو خاکە جێبەجێ دەکرێت، بەڵام نەتەوەسازی بێ هەبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەییش دەگونجێت، بەو مەرجەی لە نێویاندا وشیاریی نەتەوەیی، وشیاریی زمانی، خۆڕێکخستن و تێکۆشان و خەبات بۆ پاراستنی ناسنامە و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و زمانییەکانیان هەبێت و بۆ بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان خەبات بکەن. ئەو نەتەوانەی نەبوونە خاوەن دەوڵەتێک و ئەو نەتەوانەی خراونە چوارچێوەی وڵاتێک کە دەوڵەت و دەسەڵات لە پاوانی نەتەوەی سەردەستدایە، نەک هەر ڕێگای ئەوەیان پێ نادرێت لە دارشتن و دیاریکردنی سیاسەتە پەروەردەیی و زمانییەکانی وڵاتەکەدا بەشدار بن، بەڵکو ڕووبەڕووی سڕینەوەی ناسنامە و زمانکوژی دەبنەوە. سیستەمی پەروەردەی وڵاتیش لە خزمەت ئەو سەرکوت و سڕینەوە و هەڵاواردنەدایە. نەتەوە بێدەوڵەتەکان بە وتەی لێکۆڵەری کورد هۆگر ئیبراهیم بۆ مانەوە بەگشتی و پەیداکردنی سروشتی دامەزراوەیی بەتایبەتی:" ئەرکی قورستریان لەسەر شانە، ئەوان پێویستیان بە ڕێکخستن هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن بەرگەی ئەو شەپۆلانە بگرن کە بە ئاراستەی لاوازکردنیان

دەجووڵێنەوە'' (ئیبراهیم، ٢٠١٧)[58].
فەیلەسووفی کانادایی "کیملیکا" ڕوانینێکی ڕەخنەگرانەی بۆ نەتەوەسازیی ئەو دەوڵەتانە هەیە کە پرۆسەی نەتەوەسازی لەواندا بەهۆی "زۆرایەتی" جێبەجێ دەکرێت و بەرەو پێشەوە دەبرێت. ئەو پێی وایە دادپەروەریی ئێتنیکی و زمانی لەم پرۆسەیەدا پێشێل دەکرێت، هەر بۆیە پێویستە بە هۆی دابینکردن و دەستەبەرکردنی مافی کەمایەتییەکان پێش بەو نادادپەروەرییە بگیرێت: ''مافەکانی کەمایەتی بریتین لەو مافانەی کە لەبەرانبەر نادادپەروەریی سەرچاوەگرتوو لە نەتەوەسازیی زۆرایەتی، پارێزگاری لە کەمایەتییەکان دەکەن'' (بادامچی،٢٠١٦)[59]. کیملیکا لەسەرئەمە پێداگرە کە پرۆسەی نەتەوەسازی دەبێت هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندیی گرنگی وەک "پێکهێنانی یەکسانیی دەرفەتەکان"، "هەستی هاوپێوەندی"، "متمانەی نەتەوەیی" و "پێکهێنانی بەستێنێک بۆ جێگیرکردنی دیموکراسیی دیالۆگ"بێت. بە بۆچوونی ناوبراو ئەوە کە دەگوترێت حکومەتەکان نەتەوەسازی دەکەن، بەو واتایە نییە کە لەسەریانە هەر تەنیا یەک کولتوور پەرە پێ بدەن؛ بەپێچەوانەوە حکومەت لە دانانی سیاسەت لە نێوخۆی وڵاتێکدا ئەو دەسەڵات و لێهاتوویی‌یەی هەیە کە لە یەک کاتدا دوو یان چەند کولتووری کۆمەڵایەتی پەرە پێ بدات. نموونەیەک کە کیملیکا بۆ ئەم لێهاتوویی‌یە دەیهێنێتەوە، حکومەتە چەند نەتەوەیی‌یەکانی کانادا، سویس، بێلژیک و ئیسپانیایە (سەرچاوەی پێشوو).

زمانەوانی کورد، "فەرەج" ئاماژەی بەو ڕاستییە کردووە کە: ''نەتەوەیەکی خاوەنزمان، کە نیشتمانەکەی داگیرکراو و بەشبەشکراو بێت، ئەوا جوگرافیای زمانەکەشی دەکەوێتە بەر چەندان گوشاری جیاواز'' (فەرەج،٢٠٢٢:١٠)[60]. ناوبراو بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەی خۆی نەتەوەی کورد بە نموونە دێنێتەوە کە: ''داگیرکەرانی کوردستان لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە کار لەسەر نابوودکردنی دەکەن، بەتایبەت لە ڕێگای دژایەتیکردنی زمانەکەیەوە، چونکە زمان ناسنامەی نەتەوەکانە و داگیرکەرانیش مەبەستیانە داگیرکراوان لە ناسنامەی ڕەسەنیان دابماڵن'' (سەرچاوەی پێشوو:٦٠). خەبات و تێکۆشان لە چەندین بەرەدا بۆ دەربازبوون لە بندەستی و داگیرکراوی و بەدەستهێنانی سەروەریی نەتەوەیی یان لانیکەم بۆ پاراستن و زیندووڕاگرتنی ناسنامەی نەتەوەیی، کولتووری و زمانی، هەروەها بە مەبەستی هاوبەشی لە دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتدا، چارەنووسێکە کە مێژوو لە بەردەم ئەم جۆرە نەتەوانەی داناوە. نەتەوە بندەست و بێ‌دەوڵەتەکان بۆ دەربازبوون لەو مەترسییانەی لەسەریانە دوو ڕێگای سەرەکییان لە بەردەمدایە: ١-بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی، ٢- بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە شێوەی ئۆتۆنۆمی یا فیدراڵی.

### ٥-٣- پاراستنی ناسنامە بە هۆی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی:

لە ئەدەبیاتی سیاسییدا پێکهێنانی وڵاتی سەربەخۆ و دەوڵەتی نەتەوەیی بە بەرزترین فۆرمی چارەسەریی پرسی نەتەوەیی هەر میللەتێک دادەنرێت. ئەوە کە نەتەوە بێ‌دەوڵەتەکان بە قەوم (ئێتنێک) ناو دەبرێن؛ زمان، ئەدەبیات، هونەر، شارستانییەت، درەوشانەوەی کەسایەتییەکانیان و دەستکەوتە زانستییەکانیان لە شوناسێکی دیکە و بە ناوی وڵاتێک کە ئەوانی لە بندەستیدا ڕاگرتووە، ون و بێسەروشوێن دەکرێت، یەکێک لە لێکەوتەکانی بێ‌دەوڵەتییە. قەرەداغی لەم بارەیەوە وتوویەتی:

''هەر نەتەوەیەک کە وڵاتی سەربەخۆ و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی نەبێت، هەر لە پەراوێزی مێژوودایە و بوون و ناسنامەکەی لۆکاڵی دەبێت''(عەتا قەرەداغی، ٢٠١٧)[٦١]. نەتەوەیەک ئەگەر دەوڵەتی هەبێت ''لە ڕێگای ئەم دەوڵەتەوە وەکو نەتەوە دەبێتە بکەرێکی بەشدار و کارا لە بنیادنانی مێژوو و شارستانێتی مرۆڤایەتیدا و لەئاستی ناوخۆشدا لەناو چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا، نەتەوەسازی دەکات. بێ‌پێکهێنانی دەوڵەت، نەتەوە هەر لە بازنەیەکی داخراودا دەمێنێتەوە، نە بوونی خۆی دەسەلمێنێت، نە تامی ئازادی دەکات''(سەرچاوەی پێشوو). شاراوە نییە کە گرتنەبەری ئەم ڕێگایە بە هۆکاری جۆراوجۆر وەک شەڕ و لەشکرکێشیی دەوڵەتە داگیرکەرەکان، نایەکسانبوونی توانای سوپایی و بەرگری، نەبوونی پشتیوانیی نێودەوڵەتی و... هتد، جگە لەوەی قوربانیدانێکی زۆری مرۆیی و وێرانی و کارەساتی جۆراجۆری لە زیانی نەتەوەی داواکاری سەربەخۆیی لێ دەکەوێتەوە، ئەگەری گەیشتنی بە سەرەنجامی دڵخوازیش زۆر کەمە. ئەزموونی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆییی کورد لە عێراق(٢٠١٧)، کاتالۆنیا لە ئیسپانیا(٢٠١٧) کە ئەنجامی هەر دوو ڕیفراندۆمەکان، دەنگدانی زۆرینەیەکی بەهێز بە سەربەخۆیی بوو، بەڵام ئەو دوو ناوچەیە لە گەیشتن بە سەربەخۆیی ناکام مانەوە، دژوار و دووردەست بوونی ئەم ڕێگایە دەسەلمێنێت.

### ٥-٤- پاراستنی ناسنامە بە هۆی بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس:

ڕێگایەکی دیکە بۆ ئەوەی نەتەوەیەک یا کەمایەتییەکی نەتەوەیی، لەسەر نیشتمانەکەی مافی چارەنووسی خۆی بگرێتە دەست، بەدەستهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی (خۆبەڕێوەبەری) و گرتنەدەستی بەڕێوەبەرێتیی ناوچەکەی خۆی لە سیستەمێکی فیدراڵیدایە. لە ئۆتۆنۆمیدا دەسەڵاتی ناوەندی لە چوارچێوەی یاسا و بەگوێرەی ڕێککەوتن، وێڕای قبووڵکردنی کۆمەڵێک لە مافە نەتەوەیی و کولتوورییەکانی پێکهاتەیەکی ئێتنیکیی وڵاتەکەی، بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکەش بەو پێکهاتە نەتەوەیییە جیاوازە دەسپێرێت. بەم جۆرە دەسەڵات لەنێوان ناوەند و ناوچەیەکی دیاریکراو دابەش دەکرێت. هەم ئەو ناوچەیە هەست بە دابینبوونی مافەکانی و جۆرێک زاڵبوون بەسەر چارەنووسی خۆیدا دەکات، هەم وڵاتەکەش وێڕای پاراستنی یەکپارچەییی خاکەکەی، کێشەیەکی ئێتنیکی چارەسەر کردووە. جیاوازییەکەی لەگەڵ فیدرالیزم لەوەدایە کە فیدرالییەت، سیستەمێکی حکومەتییە کە لە یەکگرتنی یەکە ناوچەیی و ئەیالەتییەکان پێک دێت. لەم سیستەمەدا وێڕای ئەوەی هەر یەکەیەک(ئەیالەت، پارێزگا یا ناوچە) دەسەڵاتێکی بەڕێوەبەریی تایبەت بەخۆی هەیە، دەسەڵاتێکی ناوەندیش بە هاوبەشیی هەمووان پێک دێت. دەسەڵاتی وڵات بەپێی یاسا لەنێوان ناوەند و یەکە فیدراڵەکان دابەش دەکرێت. مەرج نییە ئامانجی هەموو سیستەمە فیدرالییەکان لەسەر بناغەی دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ ئێتنیکەکان و چارەسەری پرسی نەتەوەیی و کولتووری بێت. ''فیدرالیزم لە زۆر وڵات تەنیا لایەنی ئیداری و دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ ئەیالەت و پارێزگاکانی هەیە و لەوانەیە دانیشتووانی وڵات لە ڕووی ئێتنیکی و زمانییەوە کێشەیەکیان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی یا لەگەڵ یەکتر نەبێت'' (ئیرانپوور،٢٠٠٣)[٦٢]. کانادا، سویسرا، بێلژیک و عێراق نموونەیەک لەو وڵاتانەن کە جۆراوجۆریی ئێتنیکی و زمانییان تێدایە،

سروشتی فیدرالیزمەکەشیان ئێتنیکییە.
خاڵێکی گرنگ دەبێت لە درێژە و ئەنجامی ئەم باسەدا ئاماژەی پێ بکریت ئەوەیە کە پرۆسەی نەتەوەسازی نابێت بۆ ئەو کاتە هەڵ بگیرێت کە یەکێک لەم دوو ڕێگایە بە ئاکام دەگەن. بەر لەوەش نەتەوەیەکی بندەست پرسی نەتەوەییی خۆی بە یەکێک لەو فۆرمانە (ئۆتۆنۆمی، فیدراڵی یا سەربەخۆیی) چارەسەر بکات، دەبێت بەردەوام و لە هەموو بوارێکدا پرۆسەی نەتەوەسازی لە نێوخۆیدا بەرەوپێش ببات. بەرەوپێشبردنی پرۆسەی نەتەوەسازی لەنێو نەتەوەیەکی بێدەوڵەتدا، بە پلەی یەکەم لەئەستۆی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستییە؛ بزووتنەوەیەک کە هەڵگری ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەیی و ڕێبەریی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەی بۆ گەیشتن بەم ئامانجەیە. پرۆسەی نەتەوەسازی هەتا گشتگیرتر بێت و ڕەهەندی زیاتر و جۆراوجۆرتری هەبێت، قووڵتر دەبێت و بناغەی بەهێزتر بۆ دروستکردنی نەتەوە دادەمەزرێنێت. یەکێک لەو ڕەهەندانە کە لایەنی هزری هەیە، بریتییە لە پەرەپێدان و قووڵکردنەوەی بیری نەتەوەیی و دروستکردنی وشیاریی نەتەوەیی لەنێو تاکەکانی نەتەوەدا. ڕەهەندی دووەم، پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و هەوڵدان بە مەبەستی زیندووراگرتن و بەرگریلێکردنی لەبەرانبەر هەڕەشەی سڕینەوە و توانەوەدایە. زمان وەک یەک لە گرنگترین فاکتەرەکانی ناسنامەی نەتەوەیی دەبێت لەم پرۆسەیەدا زیاترین بایەخی پێ بدرێت.
ئەزموونی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەئاستی ئێراندا، بۆمان دەسەلمێنێت کە بایەخدان بە زمانی کوردی و ڕاکیشانی وشیاریی تاکەکان بۆ خزمەتی زمانەکەیان و پاراستن و بەرگری لێکردنی، توانیوێتی وێرای زیندووراگرتن و بووژانەوە و پێشخستنی ئەو زمانە، گیانێکی بەهێزی ڕاوەستان بەرانبەر ستەمی نەتەوەیی و زمانی لە نێویاندا دروست بکات. ئەوە کە ئەم بزووتنەوەیە لە هەر دەرفەتێکی ڕەخساودا، پەروەردە بەو زمانەی لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆیدا وەرێ خستووە، زمانی کوردیی لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆی و لە دامودەزگاکانی شۆڕشدا کردووە بە زمانی فەرمی؛ ئەم زمانەی کردووە بە زمانی سەرەکیی میدیای خۆی؛ پرسی زمانی کوردیی هێناوەتە نێو چەقی بەربەرەکانێی خەڵکی کوردستان لەگەڵ سیاسەتی تاکزمانیی ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران، ڕۆڵێکی گەورەی لە بەرینبوونەوەی جوگرافیای بزووتنەوەی نەتەوەیی و کولتووریی کورد لە ئێران هەبووە (وریا،٢٠٢٢:٥)[٦٣]. بەرچاوترین بەڵگە و جیلوەی گشتگیربوونی ئەو بزووتنەوەیە، وەرێکەوتنی بزاڤێکی زیندووە بۆ خۆفێرکردنی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی بە پانایی سەرجەم پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو شار و ناوچانەی ئێران کە کوردیان لێ دەژین.

## ٦ ئەنجام:

بڵاوکردنەوە و جێگیرکردنی ئایدۆلۆژیای سیاسی لە ڕێگای سیستەمی پەروەردە و فێرکردن، یەکێک لەو سیاسەتە بنەڕەتییانەی نەتەوە سەردەستەکان بۆ تواندنەوەی زمان و ناسنامەی نەتەوە بندەستەکان لە چوارچێوەی وڵاتێکدا، بەکاری دێنن. دەوڵەت-نەتەوەی ئێران، نموونەیەکی دیاری ئەو جۆرە وڵاتانەیە. نەتەوەی سەردەست لەو وڵاتانەدا کە

خەڵکەکەیان لە نەتەوە و ئێتنیکی جیاواز پێک هاتوون، بۆ پەراوێزخستن و تواندنەوەی زمانەکانی دیکەی وڵات لە زمانی خۆیدا پەنا دەباتە بەر سیاسەتی زمانی و پەروەردە. زمانی نەتەوەی سەردەست لە هەموو ئاستەکان بەتایبەتی لە پەروەردەدا دەکەن بە زمانی فەرمی. بێبەشکردنی نەتەوە بندەستەکان لە پەروەردە بە زمانی خۆیان و خوێندنی زۆرەملێ بە زمانی نەتەوەی سەردەست، لە ڕووی دەروونی، پەروەردەیی و زانستییەوە، دەبێتە سەرچاوەی کێشە و گرفت بۆ قوتابییان بەتایبەتی لە قۆناغە سەرەتایی‌یەکانی پەروەردە و فێربووندا. لە بەرانبەردا پەروەردەی فرەزمانی لە وڵاتێکی فرەنەتەو و فرەزماندا، دەتوانێت هەم زمانێکی هاوبەش و سەرانسەری بگرێتە خۆ، هەم مافی خوێندن بە زمانی نەتەوەکانی دیکە دابین بکات. پرۆسەی نەتەوەسازی و دەوڵەتسازی لە وڵاتی ئێران، وەک دەوڵەت نەتەوەکانی دراوسێ و ناوچەکە، لەسەر بناغەی سڕینەوە و تواندنەوەی ناسنامە و زمانی ئەوانی دیکە لە نەتەوەی سەردەستدا، چووەتە پێش. دەوڵەت- نەتەوەی ئێران هەر لەم ڕوانگەیەوە دژایەتیی دابینبوونی مافی نەتەوە بندەستەکان بەتایبەتی بەفەرمی ناسینی زمانی ئەوان لە پەروەردەیدا کردووە و بۆ یەکگرتوویی و یەکپارچەییی وڵات و ئایدۆلۆژیایەکەی خۆی بە مەترسیی زانیوە. نەتەوەی کورد لە ئێران، بە توندی ڕێگری لە بەشداری لە دەسەڵاتی سیاسی و دابینبوونی مافە نەتەوەیی و زمانییەکانی کراوە و دەکرێت، بەڵام سەرەڕای ئەم ڕاستییەش لە ڕێگای بەرگری لە زمانی خۆی و خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە زمانییەکانی، دژی سڕینەوەی نەتەوەیی و پەراوێزخرانی زمانی وەستاوەتەوە. ئەگەر لە ئەنجامی ئەم خەباتە، مافی پەروەردە بە زمانی خۆی بەدەست بهێنێت، هەلومەرجێکی لەبار بۆ گەشەکردنی زمانەکەی لە زۆر بواردا دەخوڵقێنێت. حاشا لەوە ناکرێت کە بۆ نەتەوەی بندەست و خاک و نیشتمان دابەشکراوی کورد، سەربەخۆبوون و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی، بەرزترین شێوازی چارەسەری پرسی نەتەوەیی و کاریگەرترین شێوازی بەرگری لە مانەوەی خۆی و خاکەکەیەتی، بەڵام تا گەیشتن بەو ئامانجە درێژخایەنە، پێویستە بەهۆی بەفەرمی ناساندنی زمانەکەی و بەدەستهێنانی مافی پەروەردەی فەرمی بە زمانی کوردی، سیاسەتی ئاشکرا و نهێنیی دەوڵەت نەتەوەکان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی خۆی، پووچەڵ بکاتەوە.

### سەرچاوەکان:


١. موهتەدی، سیامەند (٢٠٢١)، پێناسە کردنی نەتەوە و نەتەوەخوازی-بەشی یەکەم،ماڵپەڕی خاک، ٢٠٢١/٠٦/١٢، لینک :
https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=26929&type=komalayati

٢. شەبانی، ئەحمەد (٢٠١٠)، فەرهەنگی زانستی سیاسی(فەرهەنگی زاراوە و قوتابخانە سیاسییەکان)، زانستگەی کوردستان.

٣. محەمەد، سمکۆ (٢٠٠٩)، ناسیۆنالیزم لە نێوان فکر و سیاسەتدا، دەزگای لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هە و لێر .

٤. جەعفەر عەلی،٢٠١٧

٥. (موهتەدی، ٢٠٢١).

٦. تبریزی، آیدین (٢٠٠٨)، ملت ایران،

یا مردم ایران؟ سایت ایران گلوبال، لینک :
https://iranglobal.info/node/۲۲۷۸۵
۷. حمدی، یحیی؛ کلدی، علیرضا و وثوقی، منصور (۱۳۹۹)، نقش نظام آموزشی در شکل گیری دولت- ملت در ایران، فصلنامه علمی آموزشی سبک زندگی اسلامی با محوریت سلامت، دوره۴، شماره۲، تابستان.
۸. هەورامی، م(۲۰۲۰)، پلۆرالیسمی زمانی و ئاسایشی نەتەوەیی، گۆڤاری تیشک، ژمارە ۵۷، ساڵی بیست و دووەم، پاییز.
۹. حەمە عزیز، کنێر عەبدوڵلا(۲۰۱۷)، نەتەوەسازی لە چوارچێوەی دەوڵەتسازیدا، ماڵپەڕی پێنووس، لینک:
http://penus.krd/index.php/ckb/۲۰۱۸-۰۴-۰۲-۱۹-۱۱-۳۳/item/۴۶۸-۲۰۱۸-۰۹-۰۲-۱۸-۵۶-۳۸
۱۰. (موهتەدی، ۲۰۲۱)
۱۱. آشوری، داریوش (۱۳۹۴)، دانشنامه سیاسی(فرهنگ اصطلاحات و مکتب های سیاسی)، انتشارات مروارید، تهران.
۱۲. اسپالسکی، برنارد (۱۳۹۱) سیاست زبانی، ترجمه: سید مهدی عرفانی، حسین داوری، ابوطالب ایرانمهر، دانشگاه دامغان، دامغان.
۱۳. قازی، سەعد عەبدولڕەزاق (۲۰۲۲)، سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردە هەرێمی کوردستاندا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هە و لێر .
۱۴. (قازی،۲۰۲۲:۱۷).
15. Liddicoat, A., & Baldauf, R. B. (Eds.). (2012). Language planning and policy: Language planning in local contexts. Multilingual Matters.
۱۶. (قازی،۲۰۲۲:۲۳).
۱۷. کالفی، لویس جان (۲۰۱۲)، شەڕی زمان و سیاسەتی زمانی، وەرگێڕانی بەهادین جەلال، دەزگای لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
۱۸. سلێمان، ئازاد عەزیز (۲۰۲۲)، سیاسەت و پلانی زمانی لە ڕاگەیاندندا، کەناڵە ئاسمانە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان بە نموونە، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین. هەولێر.
۱۹. (اسپالسکی،۱۳۹۱:۵۵).
۲۰. شێخولئیسلامی، جەعفەر (۲۰۱۸)، "زمانناسیی کۆمەڵایەتی لە نووسینەکانی د.ئەمیر حەسەنپووردا"، دەروازە(گۆڤاری کوردی بۆ زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤییەکان، ژمارە ۲، نیسان.
۲۱. افخمی، علی و داوری اردکانی نگار (۱۳۸۴)، برنامەریزی زبان و نگرش های زبانی، مجله ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تهران، شماره ۱۷۳، دوره ۵۶، تهر ا ن .
۲۲. ( حەمەئەمین، خۆشناو عەزیز و کەریم، عومەر مەحمود (۲۰۱۷)، کورد و پلانسازیی زمان، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان و کۆمەڵاتییەکان، ژمارە ۴۲، کۆیە.
۲۳. داوری، حسین (۱۳۹۹)، سیاست و برنامەریزی زبانی، رویکرد میان رشتەای مغفول در حوزه سیاست گذاری های کلان فرهنگی و آموزشی کشور، مجله "راهبرد فرهنگ"، شماره چهل و نهم، بها ر .
۲۴. (ئەفخەمی،۱۳۸۴:۹).
۲۵. "حەمەئەمین" و "کەریم"(۲۰۱۷:۱۳)
۲۶. (اسپالسکی، ۱۳۹۱:۱۶).
۲۷. داوری اردکانی، نگار ( ۱۳۸۸)، برنامەریزی زبان، فرهنگ زبانی و مولفەهای آن(مطالعە موردی شهر

تهران)، فصلنامه تحقیقـــات فرهنگی، دوره دوم، شــماره ۱، بهـــار.
۲۸. قریشـــی، ف. عبـــاس زاده، صدقـــی، علیـــزاده اقـــدم و کهنه‌پوشـــی (۱۳۹۷)، برســـاخت گفتمانی سیاســـت زبـــان در رونـــد نوســـازی ایـــران، مـــورد مطالعه: نشـــریه کاوه(۱۲۹۴-۱۳۰۱)، دوفصلنامـــه جامعه‌شناســـی اقتصادی و توســـعه، سال هفتـــم، شـــماره دوم، پاییز و زمســـتان
۲۹. (قازی، ۲۰۲۰: ۱۹).
۳۰. (ناوخـــۆش، ســـەلام ؛ خۆشـــناو نەریـــمان. (۲۰۱۰)، زمانەوانـــی، بەرگەکانـــی چـــوارەم، پێنجـــەم، شەشـــەم و حەوتـــەم. هەولێـــر، چاپخانـــەی منـــارە.
۳۱. (ئەفخەمی،۱۳۸۴: ۱۲).
۳۲. ( سمکۆ محەمەد، ۲۰۰۹: ۲۶۹).
۳۳. قمـــری، محمدرضـــا و حســـن زاده، محمـــد (۱۳۸۹)، نقـــش زبـــان در هویت ملـــی، دو فصلنامه علمی- پژوهشـــی زبان پژوهی دانشـــگاه الزهرا، ســـال دوم، شماره ۳، پاییز و زمســـتان.
34. (Judith T. Irvine: 2020)
۳۵. شێخولئیســـلامی، جەعفـــەر (۲۰۲۲)، گۆڤـــاری زمـــان و زار، دیمانـــە لەگـــەڵ حەســـەن قازی لە ســـتێرک تیڤی. ژمارە ۳، بەهـــار، هەولێر.
۳۶. (قورەیشی، ۱۳۹۷: ۱۲۸-۱۲۷).
۳۷. میرمکـــری منیـــژه (۲۰۲۱)، تقویت گفتمان سیاســـت زبانی خانـــواده (FLP) در جوامعـــی با سیاســـت آموزشـــی تک زبانه، فصلنامه "تیشـــک"، شماره ۵۹-۶۰، ســـال بیســـت و ســـوم، بهار و تابستان
۳۸. مصطفـــی زاده، اســـماعیل و فزونمهر، نادر (۱۳۹۴)، تحلیـــل محتوای کتاب های درســـی با تاکیـــد بر کتاب های درســـی دوره ابتدایی، انتشـــارات آریوحان.
۳۹. (هەورامان فەریق،۲۰۲۱: ۶۲).
۴۰. ســـلیمانی، کمـــال ؛ محمدپور، احمد (۲۰۱۹)، آیـــا غیر فارســـها مـــی توانند صحبـــت کنند؟، نشـــریه آزادی اندیشـــه، شماره ۸
۴۱. اتابکـــی، تـــورج (۲۰۱۳)، تنوع قومی و تمامیـــت ارضی ایران، ســـازگاری داخلی و مخاطـــرات منطقـــه ای، مجلـــه گفتگو، شـــماره ۴۳، ماه جولای.
۴۲. رجبی، ابوالفضل و احمدوند، شـــجاع ( ۱۴۰۱)، سیاســـتگذاری زبانی و جایگاه زبان فارســـی در سیاســـتهای زبانـــی جمهوری اســـلامی ایران، فصلنامـــه‌ی مطالعات ملی ۸۹، ، ســـال بیســـت وسوم، شـــماره‌ی ۱، بهار.
۴۳. پیونـــدی، ســـعید (۲۰۲۰)، «آموزش در ایـــران و چالـــش زبان مـــادری»،۰۲/ اســـفند/۱۳۹۸، ســـایت رادیو فردا، لینک: https://www.radiofarda.com/a/commentary-on-the-right-of-learning-the-first-language/30447503.html
۴۴. (ئاشتی ئەحمەد حەسەن ،۲۰۲۲: ۱۰۰)
۴۵. ئاشتی ئەحمەد حەسەن ،۲۰۲۲: ۱۰۰
۴۶. حســـێن، شـــیلان عومـــەر (۲۰۱۶)، داخورانی زمانی دایک، بنەما و پەســـنکردن، گۆڤاری زانکۆی ســـلێمانی، ژمارە ۵۰، ئایار ، سلێمانی.
۴۷. کلان، امیـــر (۲۰۱۸)، چه کســـی از آموزش چنـــد زبانه می هراســـد؟ مترجم: هیوا ویســـی، محل چـــاپ ؟).
۴۸. (ئاشتی ئەحمەد حەسەن،۲۰۲۲: ۱۰۱)
۴۹. رحمـــت زهـــی، خدانظر؛ شـــجاعی فر، زینـــب (۱۳۹۷)، "تاثیـــر دوزبانه‌بودن بـــر پیشـــرفت تحصیلی دانش آمـــوزان"، کنفرانس دســـتاوردهای نویـــن جهان در تعلیـــم و تربیـــت، روانشناســـی، حقوق و مطالعـــات فرهنگـــی اجتماعی.
۵۰. زنگنـــه، ثریـــا؛ زارع، امیـــن و مرادی، محمـــود (۱۳۹۹)، بررســـی رابطه‌ی بین

مهـــارت هـــای چنـــد زبانگـــی و رفتار اطلاعاتی دانشـــجویان تحصیلات تکمیلی دانشـــگاه رازی، فصلنامـــه مطالعات دانش شناسی، ســـال هفتم، شـــماره ۲۴، پاییز.
۵۱. داغچـــی، ســـردار (۲۰۱۲)، نگاهی به کشـــورهای کثیرالمله و چنـــد زبانه، ۱۵۴- ۱۵۷، دانشگاه اســـتنفورد امریکا.
۵۲. اومـــود، آ (۱۳۹۴)، آمـــوزش به زبان مـــادری، زمســـتان، بی جا.
۵۳. (ئاشتی ئەحمەد حەسەن،۱۰۳:۲۰۲۲).
۵۴. (کلان، ۷۹:۲۰۱۸).
۵۵. تاریـــخ عمومـــی (۱۳۶۷)، نگاهی به تاریـــخ جهـــان در قـــرن بیســـتم، کتاب درســـی ســـال چهارم آموزش متوســـطه عمومـــی،(وزارت آموزش و پـــرورش ایران)، چاپخانه الهـــادی قم.
۵۶. ویلیما و هریســـون، ام (۲۰۲۱) ، زبان های بومـــی افریقایـــی در رویارویی با زبان هـــای اســـتعماری، (گفتگو بـــا دویچەوله فارســـی) ۲۲ فوریه ، سایت etilaatroz (اطلاعات روز).
۵۷. ویممـــەر، ئاندرێیـــاس (۲۰۱۹)، ســـەرهەڵدانی دەوڵـــەت و نەتەوەســـازی، کەماڵ حەســـەنپوور کردوویەتی بە کوردی، ماڵپـــەڕی کوردســـتان وکـــورد. لینک:
https://kurdistanukurd.com/?p=46107
۵۸. ئیبراهیم، هۆگر (۲۰۱۷)، نەتەوەســـازی لە چوارچێوەی دەوڵەتســـازیدا، لینک:

http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/469-2018-09-02-18-56-38
۵۹. میثـــم بادامچـــی، (۲۰۱۶) ، حقـــوق اقلیت‌ها همچون پاســـخی به ملت‌ســـازی، ســـایت رادیو زمانـــه. لینک:
https://www.radiozamaneh.com/318570
۶۰. فـــەرەج، هۆگر مەحمـــوود (۲۰۲۲)، هەورامـــی گۆڤەرێکـــی ڕەســـەنی زمانی کوردییـــە، لـــە زنجیـــرە بڵاوکراوەکانـــی گۆڤـــاری زمـــان و زار، ژمـــارە(۱).
۶۱. قەرەداغـــی، عەتـــا (۲۰۱۷)، ”لە نێوان دوانـــەی دەوڵەتســـازی و نەتەوەســـازیدا: دەوڵەت و شـــوناس!“ ماڵپـــەڕی خەندان، لینک :
https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=1023&nuser=1017
۶۲. ایرانپور، ناصر (۲۰۱۶)، بازاندیشـــی در برخی از مفاهیم کلیدی فلســـفەی سیاسی، جلد دوم، چاپ روشـــنگری (آلمان).
۶۳. وریا، قادر (۲۰۲۰)، شـــەری ناســـنامە و ســـەنگەری زمان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.